# توێژینەوەیەك لەچەمك و سروشتی مێژوو

(PP 24 - 44)
**ID No. 1704**
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.3.2

**پ.ی.د. كامەران احمد محمدامین**
كۆلێژی یاساو رامیاری
kamaran.amin1@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2017/08/19**
**پەسندكردن : 2017/12/06**
**بڵاوكردنەوە : 2018/05/15**

**پوختە**

یەكێك لەو بابەتانەی، كەگفتوگۆیەكی زۆری لەسەر كراوەو تا ئێستا یەك بۆچوونی لەسەر پوخت نەكراوەتەوە، چەمك و سروشتی مێژووە! ئایا مێژوو چییە؟ تەنیا بە ڕووداوەكانی رابردووەوە، بەندە یاخود لە ئێستاو داهاتووشدا دەكۆڵێتەوە؟ مێژوو دەكەوێتە چوارچێوەی چ بوارێكەوە، زانستە، یا وێژەیە، یاخود مەعریفەیە؟ ئەم توێژینەوە تەرخانكراوە بۆ شیكردنەو گفتوگۆكردن لەسەر ئەم چەمكانە، بە شێوەیەكی زانستیانە زاراوەو پێناسەو چەمك و سروشتی مێژوو شرۆڤە كراوە، تێگەیشتن لەم چەمكانە كلیلێكی سەرەتایە بۆ چوونە ناو دنیای مێژوو تێگەیشتن لیی، لە رێگای لێكدانەوەی ئەم چەمكانەوە، توێژەر لەم توێژنەوەیەدا هەوڵیداوە خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ سروشتی مێژوو بخاتە روو.

## پێشەكی

بایەخی توێژنەوە:رەنگ بێت زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین مێژوو یەكێكە لە فراوانترین بوارەكانی زاستە مرۆڤایەتیەكان، تەنانەت زانستە سروشتیەكانیش نەیانتوانیوە خۆیان لەهەژموونی مێژوو رزگار بكەن، بەكورتی جگە لەخودی مێژوو خۆی، هیچ زانستێك نیە مێژوویكی تایبەت بەخۆی نەبێت! بۆیە توێژینەوە لەچەمك وسروشتی مێژوو، بایەخی گەورەی خۆی هەیە، چونكەمێژوو لەپاڵ لایەنە پۆزەتیڤەكانی، دەكرێت لایەنی مەترسیدارو خەتەرناكیشی هەبێت و لەزۆر حاڵەتدا وەكو ئامرازێكی شەڕ بەكار بهێنرێت، چ لە نێوان نەتەوەو هێزەجیاوازەكاندا، چ لەناو خودی یەك هێزدا، بەشێوەیەكی وردتر لەنێوان فەرمانڕەواو بەرفەرمانەكان و چین و توێژەكانی هەموو كۆمەڵگایەكدا. بۆیەزۆر گرنگە بزانین مێژوو چیە!

ئامانجی توێژینەوە:گەلان زۆریان لەسەر مێژوو نووسیوە، بەدەیان توێژینەوەی لەسەر كراوە، بەڵام لەزمانی كوردیدا ئەم جۆرە نووسینەئەگەر نەڵێین هەر نیە، ئەوا بێگومان دەتوانین بڵێین زۆر دەگمەنە، كاركردن لەسەر دیاریكردنی چەمك و سروشتی مێژوو، لە لایەك دەبێتەهۆی روونكردنەوەی ئەو زانستەو ئەو تەمر و مژییە دەرەوێنێـەوە، كە بەخۆیەوەی گرتووە، لەلایەكی تر یارمەتی خوێنەری كورد دەدات بۆ ئەوەی باشتر لەو زانستە تێبگات.

پرسیاری توێژینەوە: ئایا مێژوو چی دەگەیەنێت؟ چ سروشتێكی هەیە، دەكەوێتە خانەی زانست یا مەعریفەوە، یاخود نزیكترە لە وێژە یا هونەر؟ یا هەمر زانستەو هەمر مەعریفەیە؟

گریمانەی توێژینەوە: مێژوو سروشتێكی دوو لایەنەی هەیە، هەمر زانستەو هەمر مەعریفەشە، زانستەلەبەر ئەوەی ئەگەر وەكو كۆ مامەڵەی لەگەڵدا بكەین دەتوانین چەند هاوكێشەیەك هەڵێنجی، ن كەدەكرێت ئەگەر بەهەمان شێوەش نەبن، بەڵام زۆر نزیك لەو شێوەیە دووبارە ببنەوە، مەعریفەشە لەبەرئەوەی كەڵەكەبووی دەیان ئەزموون و تاقیكردنەوەكانی مرۆڤە.

میتۆدی توێژینەوە: بۆ توێژینەوە لەم بابەتە، بەشێوەیەكی سەرەكی پشتمان بەمیتۆدی مێژوویی– شیكاری بەستووە .

پەیكەری توێژینەوە: بەشێوەیەكی گشتی ئەم توێژینەوە لەسێ بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم تایبەتە بە زاراوەو پێناسەی مێژوو، كە دووباس دەگرێتەخۆ، باسی یەكەم كار لەسەر زاراوەی مێژوو كراوەو لەباسی دووەمیشدا شرۆڤە بۆ پێناسەی مێژوو كراوە. هەرچی بەشی دووەمە، مامەڵە لەگەڵ واتاو بابەت، سوودو ئامانجەكانی مێژوو دەكات، ئەم بەشەش بەهەمان شێوە لەدوو باس پێكهاتووە، باسی یەكەم گفتوگۆ لەسەر واتاو بابەتی مێژوو دەكات، باسی دووەمیش لەسوودو ئامانجەكانی مێژوو دەكۆڵێتەوە. دوا بەش، تەرخانكراوە بۆ سروشت و پێكهاتەی مێژوو، كە لەسێ باس پێكدێت، لەباسی یەكەمدا لەسروشتی زانست بوونی مێژوو، لەباسی دووەمیشدا لەمێژوو وەك مەعریفە دەدوێت، دوا باسیش لەم بەشەدا بۆ خوێندنەوەی تایبەت بەخۆمان بۆ سروشتی مێژوو، لەژێر ناوی

خوێندنەوەیەكی تر بۆ سروشتی مێژوو تەرخانكراوە. لەكۆتایشدا ئەو سەرئەنجامانە خراونەتە روو، كە توێژەر پێیان گەیشتووە، لیستێكیش بۆ ئەو سەرچاوانە كراوە، كە سوودیان لێوەرگیراوە.

**بەشی یەكەم :**

**زاراوەو پێناسەی مێژوو**

**باسی یەكەم:**

**زاراوەی مێژوو**

زاراوەی مێژوو لەزمانی كوردیدا زاراوەیەكی داتاشراوی نوێیە، بەرامبەر بەزاراوەی (التاریخ) ی عەرەبی و (History) ئینگلیزی، پێشتر كورد وەكو نەتەوەكانی تری ئیسلامی زاراوەی تاریخی بەكاردەهێنا، تاوەكو ئێستا بۆ نمونە فارس و تورك هەرهەمان. زاراوە بۆ مێژوو بەكاردەهێنن، هەرچەندە ئەو زاراوەیەش وەكو بەشێكی زۆر لە مێژوونووسان بۆی دەچن لەبنەچەدا عەرەبی نیەو لە(یاریح)، یاخود(یەریح)ی عیبریەوە وەرگیراوە، كە واتای مانگە، بە چەمكە زەمەنیەكەی(مانگ و ساڵ و رۆژو. .هتد)، كەواتە مێژوو واتای مانگ، یاخود كات دانانەوە دێت، بەهەمان شێوە لای ئەكەدیەكانیش (ئارخو) هەمان واتای كات دانانەوەی هەیە، بەڵام مێژوونووسە عەرەبەكان ئەوەیان لاباشترە، كەبڵێن بنەچەكەی عەرەبیەو دەگەڕێتەوە بۆ (ارخ -ئارەخ)، كە بە واتای كات دێت، مێژوو، زۆر جار بەرابردووی مرۆڤ دەگوترێت هەندێك جاریش بۆ خودی ئەو زانستە بەكاردەهێنرێت، كە بایەخ بەرابردووی مرۆڤ دەدات(عبدالحمید، 2008، ل13). زاراوەی مێژوو لەزمانی كوردی زاراوەی سۆرانیدا لەوشەی (مێژ) وەرگیراوە، كە بە واتای رووداوێك دێت، كاتەكەی تێپەڕیبێت، یاخود بۆ دیاریكردنی زەمەنێكی دوور، لەرابردوودا، بەكار دەهێنرێت، (لەمێژ بوو)، واتە ماوە یەكی زۆر لەنێوان كردارەكەو ئاخاوتنی قسەكەرەكەدا لە ئارادایە، لەزاراوەی كرمانجیدا (دیرۆك) بەكاردەهێنرێت، ئەویش بە هەمان شێوە لە(دیر)، كە بۆ ماوەیەكی زۆر (مێژ) بەكاردەهێنریت، دیر لەرووی پانتایی جوگرافیەوە بۆ شوێنێك بەكاردەهێنرێت، كە دوورە لە كەسی قسەكەرەوە، بەڵام لێرەدا بەمەودایەكی زەمەنی دەگوترێت، كە لەكاتی قسەكردنەكەدا ماوەیەكی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام لەدیرۆكدا، پاشگری(ۆك) تۆزێك كێشە دروست دەكات، لەبەرئەوەی ئەو پاشگرە لە زمانی كوردیدا بۆ كورتكردنەوە بەكاردەهێنرێت، بەو پێیە ئەگەر زاراوەی دیرۆك شیبكەینەوە، دەكرێت بۆ مێژوویێك لەبار بێت، كە نزیكە، وەكو مێژووی نوێ و هاوچەرخ، بەڵام بۆ مێژووی كۆن رەنگ بێت زۆر تەواو نەبێت، لەبەرئەوەی بۆ مەودای درێژە ئەو وشەیە پاشگری(ین) دەخریتە سەرو دەبێتە(دیرین)، كە ئێستا لە زمانی كوردیدا بەهەڵە دەخوێنرێتەوە دەگوترێت(دێرین)، واتە شتێكی كۆن و كەڤنار، هەرچۆنێك بێت دەتوانرێت وشەی (دیرین) لەجیاتی (مێژووی كۆن) بەكاربهێنرێت!

مێژوو بەو بەكارهێنانەی ئێستا، زاراوەیەكی نوێیە، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ئەو زاراوەیە یا بەكار نەهاتووە یاخود بەدەگمەن بەكار هاتووە، لەجیاتی ئەوە كوردیش وەكو نەتەوەكانی تری دەوروبەر وشەی (تاریخ)ی بەكارهێناوە، بۆ نمونە كتێبەكەی ئەمین زەكی بەگ (خولاصەی تاریخی كوردو كوردستان)، تەنانەت هەندێك جار(نامە) بەكارهاتووە، (شەرەفنامەی شەرەفخانی بە دلیسی). دوای گەشەسەندنی ناسیونالیستی كوردی و هەوڵدان بۆ زیندووكردنەوەو پاك كردنەوەی زمانی كوردی، ئەو زاراوەیە زیاتر جێگە دەگرێت، لەدوای نیوەی دووەمی سەدەمی بیستەمەوە ئەو زاراوەیە بە تەواوەتی دەچەسپێت، لەبەرئەوەی بایەخدان بەمێژوو نووسینەوەی مێژووش برەو دەسەنێت، بەڵام شەپۆلی راستەقینەی نووسینەوەی مێژووی كورد دوای راپەڕین بەشێوەیەكی بەرفراوان دەست پێدەكات، كە بە سەدان كتێب و دەیان نامەو تێزی ئەكادیمیی مێژوویی نووسرا، ئەگەرچی لەرووی میتۆدی مێژووییەوە بە شێكی زۆریان كەم و كووڕی زۆر گەورەیان تێدایەو تەنانەت بوونەتە هۆی شێواندنی خودی مێژووش!

شایەنی ئاماژە پێكردنە جۆرە ناروونیەك لەسەر زاراوەی مێژوو هەیە، جارێك بۆ رابردووی مرۆڤ بەكاردەهێنرێت، تاوێكی تر بۆ ئەو توانا ئاوەزیانە بەكاردەهێنرێت، كەمرۆڤ بەكاریدەهێنێت بۆ گێڕانەوەی هەواڵەكانی رابردوو، یاخود ئەو زانستەی، كەبایە خ بەو بابەتە دەدات، وا دیارە بیری مرۆڤ لەنێوان ئەو دوو واتایە دێت و دەچێ و بەبێئەوەی جیاوازیەكی وردیان لەنێواندا بكات، هەمان ناروونی لە زمانە بێگانەكانیشدا هەیە، زاراوەكانی(HISTORE) فەرەنسی و(History) ئینگلیزی و (Geschihte) ئەڵمانی) بەهە مان شێوەبەهەردوو واتا بەكاردەهێنرێت، هەندێك جاران بۆ رووداوەكانی رابردوو هەندێك جاری تریش بۆ هەواڵی ئەو رووداوانە، واتە ئەو زانستەی لەو رووداوانە دەكۆڵێتەوە (حسین، 2012، ل 26 ).. زاراوەی (history) ئینگلیزی، (مێژوو)، لەوشەی گریكی (هستوریا) وەرگیراوە، كە واتای (فێربوون)ە، فەیلەسووفی گریكی (ئەریستۆتالیس) بەواتای گێڕانەوەیەكی رێكخراوی كۆمەڵێك دیاردەی سروشتی بەكاریهێناوە، ئەگەر ئەو گێڕانەوەیە لە رووی زەمەنیەوە رێزبەند كرابێت یاخود نەكرابێت، ئەوجۆرە بەكارهێنانە

سەرباری ئەوەی، کە دەگمەنە، تا ئێستا لەزاراوەی (مێژووی سروشت-natural history ) لەزمانی ئینگلیزیدا بڵاوە. هەرچۆنێك بێت بەتێپەڕینی کات وشەی ( سەنتیا -scientia)ی لاتینی بەزمانی ئینگلیزی(science)، بە شێوەیەکی فراوانتر بۆ (گێڕانەوەی ڕێکخراو) بۆ ئەو دیاردەسروشتیانەی، کە لەرووی زەمەنیەوە ڕێزبەند نەکراوە جێگەی گرتووە، وشەی مێژوو(history)، تایبەتمەند بوو بە گێڕانەوە ی ئەو دیاردە سروشتیانەی (بەتایبەتیش ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە)، کە لەرووی زەمەنیەوەرێزبەند کراون. وای لێهات، زاراوەی( مێژوو) لەکاتی ئێستادا، بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بۆ (رابردووی مرۆڤایەتی) بەکاربێت. لەزمانی ئەڵمانیدا وشەی (Geschichte)، کە لە فەرمانی (geschehen) وەرگیراوە، واتای (رووداوەدات) دەگەیەنێت، بەکاردەهێنرێت، کەواتە وشەی (مێژوو) لەزمانی ئەڵمانیدا واتای ئەو شتەیە، کە رووداوەدات (جوتشلك، 1966، ل 55-56). لە زمانی فەرەنسی، وشەی(HISTORE) مێژوو دوو واتای هەیە، لە لایەك کۆی ئەو رووداوە تێبینیکراوانەدەگرێتە خۆ، کە لەژیانی مرۆڤایەتیدا روویانداوە، هەروەها ئەمڕۆ بەیانیشی تیادا بەدیاردەکەوێت.لەلایەکی تر واتای زانینمانە بۆ ئەو رووداوانە... واتای دووەم بیرکردنەوەیە لە مێژوو (بەسەربەخۆیی و دوور لە ناوەڕۆکەکەی) ئەمەش "بەوپەڕی سادەییەوە واتای بیرکردنەوەیە لە ڕێڕەوی زەمەن" (هوراس، 1974، ل10) هاوکات لە زمانی لاتینی ڕۆمانیدا سێ واتا بۆ(Histoire) هەیە، یەکەمیان واتای لێکۆڵینەوەو گەڕانە بەدوای ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامیداوە، ئەمە ئەو واتایە یە، کەدواتر گەشە دەسێنێت و دەبێتە زانستی مێژوو، دووەمیان واتای ئامانجی توێژینەوەیە ، کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت، بەگوێرەی ئەم واتایەش مێژوو بەدواداچوونی رووداوەکانە، یاخود گێڕانەوەی بە دوا داچوونی ئەو رووداوانەیە، سێیەمیان مێژوو واتای خودی گێڕانەوەکە خۆیەتی (الکوثرانی، 2013، ل27-28).

مێژوونووسی فەرەنسی (جاك لۆگۆف) پێی وایە، کە رەگی وشە گریکیەکە(Histoire-Istor)، واتای گەواهیدەرە، بەواتای بینین یاخود تەماشاکەر (voyeur) دێت، چەمکی بینینیش سەرچاوەی بنەڕەتی مەعریفەیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بیرۆکەی، کە (Istor) بینەر ئەو کەسەیە، کە (Istorian) دەزانێت و بەدوای مەعریفەی (Istoria) دەگەڕێت. هەرچی (فرانز روزنتال)ە، پێی وایە، کە بنەڕەتی وشەی(Istoria) ، لەدەوڵەتە شارەکانی گریك لەسەدەی پێنجەم و شەشەمی بەر لەزایین، کاتێك جولانەوەی هزری و سیاسی چالاکیەکی مەزنی بەخۆیەوە بینی بایەخێکی گەورەی پەیداکرد، دەربڕینی(Istoria)، واتای گەڕان بوو بەدوای ئەو شتانەی، کە شایەنی زانینن، واتە جۆرێك لە مەعریفەی بەخۆوە دەگرت، کە بۆ هەموو هاوولاتیەك لەو دەوڵەتە شارە یەکگرتووانە دەژیا گرنگ بوو، بۆ ناسینی وڵات و نەریت و دامو دەزگا سیاسیەکانی رابردوو هاوچەرخ، خێرا ئەو رووداوە کورتکرایەوە بۆ ئەو رووداوانەی، لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئەو دیاردانە دەکەوتەوە(روزنتال، 1963، ل16). بەم چەشنە مێژوو بەواتا فراوانەکەی لەدایك بوو، رۆمانە کانیش لەگریکەکانیان وەرگرت و بەهەمان شێوە بەکاریان هێنا...، بە تێپەڕبوونی کات ئەم زاراوەیە واتایەکی نوێی بەدەست هێنا، کە لەکاتی ئێستادا واتای( ئەو پرۆسەیە دەگەیەنێت، کەلەرێگای شتێکی تایبەتەوە دەگەیتە ئاستێکی تایبەت لەپێشکەوتنەکەی) ئەم شتە تایبەتەش لەروانگەی تەقلیدیەوە، مێژووی مرۆڤە، بەشێوەیەکی تایبەتیش چالاکیەکان و دامو دەزگا سیاسیەکانی مرۆڤایەتیە، بیرۆکەی مێژوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا بووە گشتی و لەسەر هەموو شتێك پراکتیزە کرا، کەدرکی پێبکرێت، چ زیندوو بێت، یاخود بە ستوو، بەم واتایە مێژوو بووە بیرۆکەیەکی بەرفراوان وەکو فەلسەفە، بە شێوەیەك لەتوانایدا بێت بانگەشەی ئەوە بکات، هەموو شتێك و هەموو چالاکیەك بابەتی توێژینەوەیەتی و دەکەوێتە چواچێوەی ئەوەوە(روزنتال، 1983، ل16). کەواتە بابەتی مێژوو لێکۆڵینەوەیە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی و چیرۆکەکەی دەکۆڵێتەوە، کەچۆن مرۆڤ گەیشتۆتە دۆخی ئێستای، دیارە زانینی بارودۆخی کۆمەڵگاکان لەرابردوودا، چۆن بووینەو چۆن پێشکەوتووینە، بەرچاوی مرۆڤ روون دەکات بۆ ئەو هۆکارانە ی کەوا کاریگەریان بەسەریەوە دەبێت و ئەو رەگەو هێزانەی، کە دەیبزوێنن ئەو پاڵنەرو بەریەك کەوتنانەی گشتی بن یاخود تایبەتی، پێکیدەهێنن، توێژنەوەیەکە، سروشتی مرۆڤ بەخۆوەدەگرێت لەهەموو کاتێکدا (راوس، 1968، ل15). واتە مێژوو بەتەنیا رابردوو لە خۆوە ناگرێت، بەڵکو هەموو رەگەزە زەمەنیەکانی رابردوو ئێستاو داهاتوو لەخۆوەدەگرێت.

**باسی دووەم:**

**پێناسەی مێژوو**

مێژوو لەزماندا پێناسەی کاتە، مێژوو شتێکە، کەوا کات ئامانجەکەیەتی، هەروەها مێژوو زانستێکە لەداکەوتە(وقائع)و رووداوەکانی رابردوو دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بەراستەقینەکەیان. ئیبن خەلدوون دەڵێت:(مێژوو هەواڵی کۆبوونەوەی مرۆڤەکانە، واتە شارستانیەتی جیهانەو ئەو حالەتانەیە، کە رووبەرووی سروشتی ئەو شارستانیەتە دەبێتەوە، وەکو هۆڤی بوون و رام بوون، عەسەبیات و جۆرەکانی تری زاڵبوونی مرۆڤەکان بەسەر یەکتر، هاوکات ئەوەی، کە لەئەنجامی ئەمەشدا دروست دەبێت لە پاشاو دەوڵەتان و پلەبەندیەکانیان، ئەوەی، کەمرۆڤەکان بەکارو کردەوەکانیان بەدەستی دەهێنن لەبژێوی و زانست و پیشەسازی و

هەموو ئەو حالەتانەی، کەلەسروشتی شارستانیەتەکەوە روودەدەن(ابن خلدون، المقدمە، ل57) کەواتە دەتوانین لەسێ رووەوە پێناسەی مێژوو بکەین، یاخود دەتوانین بڵێین مێژوو سێ زانستی هەیە، کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە:

1-زانینی داکەوتەو رووداوەکان و کاودانی مرۆڤەکان لەکاتی رابردوودا، هاوکات ئەو دۆخ و کاودانەی کەئێستا لەئارادایە...، واتەزانینی کۆمەڵێك کاروباری کەسی و تاکەکانەوەو پەیوەندی بەزانینی گشتگیری و رێساو دیسپلینەگشتیەکانەوەنیە، کەواتەمێژوو زانستێکی گواستنەوە(نقلی)یەنەك زانستێکی ئاوەزی(عقلی)، پەیوەندی بەزانینی گەشەسەندنەکانی ئێستاوەنیە، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە.

2-زانینی کۆمەڵێك رێساو یاسای باڵادەستە لەسەر ژیانی رابردوو، بەگوێرەی ئەو سوودەی لەسەیرکردنی رووداو داکەوتەکانی رابردوو وەردەگیرێت، ناواخنی مێژووی گوێزرانەوەیە(التاریخ النقلی)، واتە رووداوەکانی رابردوو وەکو پرەنسیپ و پێشەکی ئەو زانستەیە. بە و واتایە رووداوەکانی مێژوو وەك ئەو رەگەزانە وایە، کە زانایانی سروشتی لەئەزموونگاکانی خۆیان کۆیان دەکەنەوە. بەراڤەکردن و تێبینیکردن و لێکۆڵینەوە، تاقیکردنەوەی لەسەر دەکەن، بۆئەوەی سروشت و تایبەتمەندیەکانی سروشت ئاشکرا بکەن و یاسایەکی گشتی لێهەڵێنجن، مێژوونووس لەو حالەتەدا دەیەوێت سروشتی رووداوە مێژووییەکان و هۆی روودانیان و پەیوەندیەکانیان بەیەکەوەئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵێك رێساو دیسپلینی گشتی، کە دەتوانرێت لەئێستاو لەرابردوودا، لەسەر هەموو کە رەستە هاوشێوەکان گشتگیر بکرێت، ئەمە لەرووی زاراوەوە پێی دەگوترێت (مێژووی زانستی)، بابەتی توێژینەوە لە مێژووی زانستی ئەگەرچی رووداو داکەوتەکانی رابردووە، بەڵام ئەو کۆمەڵە رێساو مەسەلەیەی هەڵیدەهێنجێت تایبەت بەرابردووەوە نیە، بەڵکو دە توانرێت گشتگیر بکرێت بۆ ئێستاو داهاتووش، ئەمەش وا دەکات، کە مێژوو سوودی هەبێت و ببێتە سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی مەعریفەی مرۆڤ. فەلسەفەی مێژوو، واتە زانینی جووڵەی کۆمەڵگاکان و گۆڕانیان لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و ئەو رێسایانەی کە وا حوکمی ئەو گەشەسەندن و گۆڕانکاریانە دەکات(المطهری، 1427 ق. ل 62-63)، بەدەربڕینێکی تر، دەتوانین بڵێین، مێژوو بریتیە لە سەر لەنوێ کاریگەرکردنەوەی هزری رابردوو لەئاوەزی مێژوونووسدا (ریکور، 2006، ل316.). ژیاندنەوەی رابردوو لەوێنەیەکی زیندوودا، جیاوازی لەنێوان مێژوونووسێك و مێژوونووسێکی تردا لەتوانای ژیاندنەوەی ئەو رووداوەدایە، کەت ێپەڕیوەو بەسە رچووەو بەتەنیا وابەستەیی نێوان ئێستاو رابردووە، دەتوانێت ژیان بەرابردوویێك ببەخشێتەوە، کە بەسەرچووە، مرۆڤ ئەگەرچی زۆر جاران ناتوانێت هەستی پێبکات، بەڵام بەشێوەیەکی تۆکمە بەرابردووەوە بەستراوەتەوەو ناتوانێت لێی دەربازبێت، ئەوەی وای لێدە کات هەست بەو بەسترانەوەیە بکات، چاودێریکردنیەتی لەکاتی ئێستادا، ئەوە مێژوونووسە، توانای هەڵێنجان و مەعریفەی مێژوویی هەیەو دەتوانێت درك بەو کاریگەریەی رابردوو بەسەر ئێستاوە بکات، جا ئەگەر کاریگەری هەبێت یاخود نا(فوزی، 1964، ل42).

فەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسی ساڵی (1694) پێناسەی مێژووی بەوەکردووە، کە" گێڕانەوەی ئەو شت و کردارانەیەکەشایە نی پاراستنن" چاپی هەشتەمی ئەو فەرهەنگە لەساڵی (1935) بەهەمان واتا مێژوو پێناسە دەکاتەوە "گێڕانەوەی ئەو شت و رووداوو کردارانەیە، کەشایەنی پاراستنن"، لەسیەکانی سەدەی بیستەمدا شێوازی گێڕانەوە لە نووسینەوەی مێژوودا هێشتا باوبوو، مێژوونووسان خۆیان لەزانستەکانی تردا دوور خستبووەوەو پانتاییەکی تەسکیان بۆکارەکانی خۆیان هێشتبۆوە، بەرامبەر ئەو زانستانە ی، کەبەدوای دانانی یاسایەك دەگەڕێن، بابەتەکەی رێکخستن و دووبارەبوونەوەی دیاردەکان بێت، مێژوو بەو زانستە هەژمار دە کرێت، کەتایبەتەمەندو تاکەو دووبارە دەبێتەوە، هاوکات گەڕان بەدوای یاساکانی بۆ ئەو زانستانە هێشتۆتەوە، کە بەدوای یاساکان و ئەرکی دۆزینەوەی یاساکانی سروشتدا دەگەڕێن، ئەو بۆچوونە وای لەمێژوو کرد، کە لەرێگای گەڕان و هەڵکۆڵینی زانستی، بایەخی تایبەتی بەرەخنەگرتن لەسەرچاوەکان و پۆلین کردنیان بدات، ئەو هەڵکۆڵینەزانستیە لە دووتوێی قوتابخانەی مێژوویی فەرەنسیدا بوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا، کە بەتوندی پشتیان بەدام و دەزگاکانی دەوڵەت دەبەست و ماوەیەکی زۆر بوو مێژوونووس لەخزمەتی دەسەڵاتی پاشادابوو(دوس، 2009، ل 59-60). یاخود دەتوانین بڵێین مێژوو توێژینەوەیە لەبابەتێك بەسیستەمێکی کرۆنۆلۆژی، بە دواداچوون بۆ هزرەکان دەکات و دەیانگەڕێتەوە سەر بنەماکانی خۆیان، هەروەها توێژینەوە لەبەهاو بیرۆکەی رووداوەکانەوە دە کات، مێژوو بەشێوەیەکی زۆر توێژینەوە لەسەر حکومەتەکان و سیاسەت دەکات، بەڵام دەکرێت مێژوو رووناکی بخاتەسەر چەند ناونیشانێکی تر، وەك زانستەکان، تەکنەلۆژی، یاسا، هەروەها بیرەوەری نووسانیش مێژووی کەسێك دەنووسنەوە، کە چۆن ئەو کە سەکۆمەڵگا دەگۆڕێت، یاخود دەکەوێتەژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە(2013:www.rbs0.com/wh.pdf) .

کەواتە"مێژوو توێژینەوەیەکە لە گەشەسەندنی مرۆڤ لەهەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و هزری و روحیەوە، شێوەو دیاردەو رەوگەکانی ئەو گەشەسەندنەهەرچۆنێك بێت"، لەژێر رۆشنایی ئەو پێناسەکورتە بۆ زانستی مێژوو دەتوانین زیاتر وردی بکە ینەوەو شتی بخەینە سەر،. .. مێژوو ئەو زانیاریانەش دەگرێتەوە، کە دەتوانین بیزانین لەسەر چۆنیەتی دروست بوونی هەموو گە ردوون ئەو ئەستێرەو هەسارانەی، کەلێی پێکدێت، لەنێویشیاندا زەوی، ئەو رووداوانەی پەیوەستە بە مرۆڤەوەو لەسەر رووی زە ویدا روویانداوە، بۆ نمونە مێژوونووسی ئینگلیزی ه.ج.ویلز (Herbert George Wells)، کتێبەکەی خۆی (کورتەی مێژووی جیهان) بە توێژینەوە لەپێکهاتنی گەردوون و زەوی و ئەو شتانەی، کە لەسەر رووی زەویدا بەدیارکەوتووە لە دیاردە جیاوازەکانی ژیان(الشیخ ،

1987-1988، ل7).وشەی مێژوو تاوێك بەرابردووی مرۆڤایەتی دەگوترێت، تاوێكی تر بەو هەواڵانە دەگوترێت، كە بۆ زانینی رابردوو گێڕانەوەی هەواڵەكانی دەدرێت، یاخود ئەو زانستەی، كە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە(السعیدی، www.aljabriabed.net).

**بەشی دووەم: واتاو بابەت و سوودو ئامانجەكانی مێژوو**

**باسی یەكەم:**

**واتاو بابەتی مێژوو**

وەك تێبینی دەكرێت، زاراوەو بابەتی مێژوو، گفتوگۆیەكی زۆر هەڵدەگرێ و تا رادەیەكی زۆر پشت بەدنیا بینی و تێگە یشتنی ئەو كەسانە دەبەستێت، كە توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام دەدەن، بۆیە دەبینین لەروانگەی جیاوازەوە سەیری بابەتی مێژوو كراوەو دەكرێت، لەرابردوودا مێژوو یەك تاكە واتای نەبوو، بۆ نمونە لای سوكرات واتای مەعریفەبوو، هەرچی ئەرستۆ بوو پێی وابوو، كە مێژوو تەنیا كۆكردنەوەی دۆكیومێنتەكانە(صلیبا، 1982، ل228). زۆربەی مێژوونووسان واتای مێژوو لەتوێژینەوەو وردبوونەوە لە رووداوەكانی رابردوو كورت دەكەنەوە، واتە هەموو ئەو شتانەی، كە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە، هەر لەو كاتەی جێ پەنجەی خۆی لەسەر زەوی بەجێهێشتووە، بەتۆماركردن، یاخود وەسفی هەواڵی ئەو رووداوانەی، كە بەسەر گەلان و تاكەكاندا هاتووە، مێژوو رێڕەوی هەموو ئەو رووداوە كردەییانەش دەگەیێت، كە لە كۆنترین چاخەكانەوە روویانداوەو گەلان و پاڵەوانان دروستیان كردووە، بەردەوام بووەو پێشكەوتووە تا گەیشتووەتە رۆژگاری ئەمڕۆ(عثمان، دار المعارف، ل12). لای گریكەكان مێژوو واتای توێژینەوە، پشكنین، دواتر مەعریفە لەكۆتایدا بوو بە مێژوو، ئەم دەربڕینە، كە بەواتای پڕۆسەی مەعریفەیە، دوو واتای هەیە، واتایەكی گشتی و واتایەكی تایبەتی، واتای گشتی لای (بیكون)، مێژوو مەعریفەی تاكەكانەو ئامڕازی بنەڕەتیش یاددانە، لەگەڵ شیعر ناكۆكە، هەرچەندەئەویش بابەتەكەی هی تاكەكانە، بەڵام وەهمیەو ئامڕازەكەشی ئەندێشەیە، لای (بیكون) مێژوو دەبێتە دوو بەش، مێژووی سروشتی و مێژووی مەدەنی، ئەرستۆ پێی وایە مێژوو سروشتیە، بەجیاوازیەكی میتۆدیانە نەك بابەتیانە، لەگەڵ فە لسەفە، یاخود زانست بەرامبەر دەبێتەوە، واتای تایبەتی، كە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا زیاتر بەكاردەهێنرێت، مەعریفەی مێژوویی ، ئە و حالەتانەیە، كە بەشێوەیەكی یەك لەدوای یەك لەرابردوودا هاتوونەتە دی، لەرێگای هەر بابەتێكی مەعریفیەوە، گەل، دام و دەزگا، رەگەزی زیندوو، زانست، زمان،... هتد، وەك ئەرستۆ دەڵێت مێژوو بەشێوەیەكی گشتی ئەوەیە، كە بەڕاستی روویداوەو ئە ندێشەیی نیە(لالاند، 2001، ل558-559). بەشێوەیەكی گشتی زاراوەی مێژوو لای زۆربەی گەلان سێ واتا بەخۆوە دەگرێت، یەكە میان واتای ئەو رووداوانەیە، كە لەرابردوودا روویانداوە، دووەم واتای گێڕانەوەی ئەوەی، كە لە رابردوودا روویداوە، یاخود بگێڕەوە وای بۆدەچێت، كە لە رابردوودا روویانداوە، سێیەمیش واتای توێژینەوەیە لەرابردوو(گێڕانەوی رووداوەكان و هارمۆنەتیزەكردنیە تی)، كەواتە مێژوو زانینی بابەتێكی دیاریكراوە، بەڵام نابێت وا تێبگەین، كە چوون یەك بوونێك هەیە لەنێوان ئەوەی لەرابردوودا روویداوە، لەگەڵ مەعریفەی مرۆڤ بۆ ئەو رابردووە، ئەو چوون یەك بوونە دەكەوێتە سەر ئەوەی، كەتاچەند مێژوونووسەكە دۆكیومێنت و بەڵگەی مێژوویی دەكەوێتە دەست، پاشان توانای لەشارەزایی ئەو رابردووەو چوونە ناو كرۆكی بابەتەكان هەیە، لەگەڵ ئەوەش چوون یەك بوونێكی تەواو زۆر زەحمەتە، بگرەئاستەنگە بێتە دی (التمیمی، 2013، ل15). هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەگەر بەوردی سەیری زاراوەی مێژوومان كرد، ئەوا زۆر واتای جیاواز لەخۆوەدەگرێت، كەدەتوانین لەسێ واتادا كورتیان بكەینەوە :

1-وشەی مێژوو بەكاردێت بۆ (رێڕەوی رووداوە كردەییەكان، بێگومان مەبەستمان ئەو كەسانە نیە كەوا كتێبە مێژوویەكانیان دە نووسنەوە، بەڵكو مەبەستمان ئەو كەسانەیەكەوا بەكردەوەكانیان رێڕەوی مێژووی جیهانیان گۆڕیوە، بۆ نمونە وەكو (ئەسكەندەری گەورە)و (تەزار یۆلیۆس و ناپلیۆن). لێردا دەربارەی سوڵتانی مێژوو دەدوێین، كەمەبەستمان كاری كاریگەری كتێبە مێژووییەكانی قوتابخانەكان نیە، بەڵكو باڵادەستی كاودانەكەیە لەكاتی پڕۆسەی زەمەنەكەدا، واتای گرنگ بۆ مێژوو ئەوەیە، كە(نووسینەوەی هە موو، یاخود بەشێك لەچیرۆكەكانی كاروباری جیهانە)، ئەوە بەكارهێنانێكی راستەو تەم و مژی تیانیەو لەهەموو بەكارهێنانەكانی تر گرنگ ترە، مێژووی ئینگلتەرا، فەرەنسا،. ..مێژووی هونەر، مێژووی یاسا. ..هتد، مان هەیە، مێژووی هەموو شتێكمان هەیە، كە بە درێژایی كات گەشەدەكات و شوێنەوارێك لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت، بەڵام سەرباری راستی و روونی ئەو وشەیە، كێشەیەك لە دوای خۆی دروست دەكات ئەویش ئەوەیە، كە ئایا مێژوو زانستەیاخود هونەرە؟

2-واتای مێژوو لە بنەڕەتدا(توێژینەوەیە)یە، واتە(فێربوون لەرێگای توێژینەوە) یاخود (ئەو مەعریفەیەی لەرێگای توێژینەوەوە دەیگە یتێ) كەواتە واتای شاراوەی مێژوو لێرەدا گەڕان و (توێژینەوە) و داواكردنی راستەقینەیە، بەو واتایەش مێژوو زانستەو هیچ شتێكی تر نیە.

لەهەموو واتاكانی مێژوو وردتر لای (هرنشو) مێژوو توێژینەوەیە، یاخود فێربوونە لەرێگای توێژینەوە، یاخود ئەو مە عریفەیەی، كە لەرێگای توێژینەوەوە پێی دەگەی(هرنشو، 1944، ل6-7)، هەندێك وایدەبینن، كە مێژوو بەواتا زانستیەكەی هەرگیز هیچ بابەتێكی نیە! بەڵكو تەنیا رێگایەكی توێژینەوەیە، بۆئەوەی بابەتێك هەبێت، دەبێت بە وەسفێكی بەستینەوە، بەم چەشنە كاروباری دەوڵەتان لە رابردوو دەبێتە بابەتی مێژووی سیاسی و كاروباری رابردووی كڵێسا دەبێتە مێژووی كڵێساو...هتد. هەر وە سفێك بۆ دۆخی مرۆڤ بكرێت مێژووی ئەو دۆخەی پێ وەسف دەكرێت، بەواتایەكی تر چوارچێوەیەی مێژوو هەموو بەرژەوەندیە

كانی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەرشتێك لەمرۆڤ رووبدات و هەر شتێكیش بۆی رووبدات، هەر شتێك، كە بینای دەكات هەر شتێكیش، كە دەیرمێنێت دەكەوێتە چوارچێوەی توێژینەوەی مێژوویی(هرنشو، 1944، ل9). كەواتەب ابەتی مێژوو توێژینەوەیە لەرووداوەكان، یاخود خودی رووداوەكانە، رووداوەكانیش كۆی رووداوەكانە لەروانگەی مێژوونووسەوەو  هەموو ئەو گۆڕانكاریانەیە، كە بەسەر ژیانی مرۆڤ دادێت، هاوكات هەموو ئەو گۆڕانكاریانەیە، كە بەسەر زەوی یاخود گەردوون دادێت لەو لایەنەی، كەپەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوەهەیە. رووداو لەوانەیە كت و پڕ  رووبدات، وەك رووداني بوومەلەرزەیەك، كە شارەكان خاپوور دەكات، لەوانهیە توندوتیژ بێت، وەك دایسانی جەنگ، لەوانەیە زۆر لەسەرخۆ بێت و هەستی پێنەكرێت، وەك پرۆسەی گەشەسەندنی لەسەرخۆ، كە مرۆڤ تەنیا لەماوەیەكی درێژدا هەستی پێدەكات، وەك ئەو گەشەسەندنانەی بەسەر پێگەی تاكەكان دێت لەناو كۆمەڵگا، بۆنمونە ئە و گۆڕانكاریانەی بەسەر پێگەی ئافرەت دادێت لەكۆمەڵگا دواكەوتووەكان، دەكرێت رووداوەكان بەشێوەیەك بێت تەنانەت كەس هە ستیشی پێنەكات و لەدوارۆژدا كاریگەریەكی گەورەشی هەبێت، وەك لەدایك بوونی منداڵێك، كە لەدوارۆژدا ببێتەسەركردەیەك یاخود هزرمەندێكی گەورە، جا ئەگەر ئەو رووداوانە بچووك بن یاخود گەورە، هەست پێكراو بن یاخود هەست پێنەكراو، ماوە كورت بن یاخود ماوەدرێژ، خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا ئەوەیە، كە دۆخی بەر لەرووداوەكە جیاوازەلەدۆخی دوای رووداوەكە، بۆ نمونەجیهانی بەر لە(ناپلیۆن) جیاوازە لەجیهانی دوای (ناپیلۆن)، هەروەها جیهانی بەر لەجەنگی دووەمی جیهان جیاوازە لەجیهانی دوای ئەو جەنگە، هزری مرۆڤایەتی بەر لەجۆرج برنادشۆ جیاوازە لەدوای برنادشۆ. رووداوەكان، كە كەرەستەی مێژوون، گۆڕانی دۆخەكانە، جا ئەو گۆڕانكاریانە گەورەبن یاخود بچووك، ناوخۆیی بێت یاخود جیهانی، بۆیە دەتوانین بڵێین رووداوەكانی مێژوو گۆڕانكاریە، ئەگەر ویستمان لەگرنگی رووداوێك تێبگەین ئەوا بەراورد لەنێوان دۆخی بەر لەرووداني و دوای رووداني رووداوەكە دەكە ین(مۆنس، 1984، ل21). (ڤیكۆ) روانگەیەكی نوێی بۆ واتای مێژوو داهێنا، وەك ئاماژەی پێكرا، پێشتر مێژوو كورتكرابووەوە لە رووداوە سیاسیەكان و شەڕو شۆڕو ژیاننامەی پاڵەوانەكان، بەڵام ئەو هات بایەخی بە بنەماكانی پێكهاتەی كۆمەڵگای مەدەنی و بونیادی شارستانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا، بەشێوەیەك، كە رێكخراوە سیاسی و ئابوری و هونەری و یاساو زمان هەموو رێكخراوە كۆمەڵایەتیەكانی تر بگرێتەوە، ئەگەر (ڤۆلتیر) یەكەم كەس بوو بێت توێژینەوەی لەسەر فەلسەفەی مێژوو كردبێت، ئەوا (ڤیكۆ) یە كەم كەس بوو، كەباسی مێژووی شارستانیەتی كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتی بكات...(ابو سعود، 1997، ل243).

بەشێوەیەكی گشتی مێژوو واتای بەدوا داچوونێكی زنجیرەیی زەمەنیە بۆ قالب و شێوەو ئەزموونەكانی كۆی جیهان، بۆ نمونە ئەو یەكیەتیەی، كە لەنێوان سەدەی پازدەهەمەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، نەخشەی بۆ دەكێشێت و بەشێوەیەكی پلەبەندی كاری بۆ دەكات، لە پێناو دەرخستنی بایەخی خۆی لەژیانی خەڵكدا، لەهەموو كۆمەڵگاكان و هەموو ئابووری و شارستانیەتەكانی جیهان وەكو یەكە، كەواتەئەو جیهانە لەژێر كاریگەری نایەكسانیدا پێی لەسەر دادەگیرێتەوە، وێنەی ئێستا، وڵاتی دەوڵەمەند لەلایە ك، وڵاتی دواكەوتوو لەلایەكی تر، لە رابردووشدا دەركەوتووە، لەگەڵ مانەوەی شتەكان وەك خۆیان، لەنێوان سەدەی پازدەهەم و هەژدەهەمدا، بێگومان دەوڵەتە دەوڵەمەندەكان و دەوڵەتە هەژارەكان وەكو خۆیان نەماونەتەوە، چەرخەكە وەرچەخاوە، یاساكانی جیهان بەشێوەیەكی دەگمەن نەبێت نەگۆڕاون، تاوەكو ئێستا بەردەوامە لەوەی خۆی دابەش بكاتەوە، لەرووی بوونیاتیەوە لەنێوان ئەوانەی جیاوگیان هەیەو ئەوانەی بێبەشن. جۆرێك لەكۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە، ئەویش كۆمەڵگایەكی رێزبەندیە(مجتمع التراتبی)، كە ئاسانە بیناسیتەوە، جیهانێكی بچووك و جیهانێكی گەورە، كە لەكۆتایدا یەك چنینی هەیە. دیارە، كە روانینی مێژوو بۆ چلۆنایەتی  ئەو گۆڕانكاریانە زۆر روونترە لەروانینەكەی بۆ هۆیەكانی گۆڕانكاریەكان، دەتوانێت دەرئەنجامی ئەژواریە گەورەكان بە رێگایەكی باشتر بپشكنێت لەوەی درك بەهۆیەكانی بكات، بێگومان ئەمەش هۆیەكی زێدەیە بۆئەوەی وای لێبكات، كە رێكخراو ترو گەرم و گورتر بێت، بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی، كەلێی شاراوەن(برودویل، دار الكتاب الجدید المتحده، ل67-68).

**باسی دووەم:**

**ئامانج و سوودی مێژوو**

یەكێك لەئامانجە گرنگەكانی  مێژوو ئەوەیە، كە مرۆڤ خۆی بناسێت، هزر بایەخی زۆری بەخودناسینی مرۆڤ داوە، خودناسینیش بەتەنیا بەزانینی تایبەتمەندیەكەسیەكانی خۆیەوە ناوەستێت، كەلەمرۆڤێكی تری جیا دەكاتەوە، بەڵكو واتای ئەوەیە، كە سروشتی خۆی بناسێت وەك مرۆڤێك، خودناسی خۆت بكەیت، كە ئەمەش واتای ئەوەیە یەكەم جار بزانی وشەی (مرۆڤ) چی دەگە یەنێت، دووەمیان بزانێت، مەبەست لەمرۆڤەكە ئەو خۆیەتی، سێیەمیان بزانێت كەوا ئەو خۆی ، خودی ئەو مرۆڤەیە، كە تایبەتمە ندیەكانی لەسەر پراكتیزە دەبێت، بەجۆرێك، كە لەمرۆڤێكی تر جیای دەكاتەوە، خودناسی، واتای ئەوەیە مرۆڤ بزانیت، كە دە توانیت چی بكات، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤێك نیە، كە بزانێت دەتوانێت چی بكات، هەتاوەكو تواناكانی بەكار نەهێنێت و كارێك ئە نجام نەدات، تاكە رێگا بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت دەتوانێت چی بكات، ئەو توانایەیە، كە بەشێوەیەكی كرداری ئەنجامی داوە، لەمەدا دەردەكەوێت، بەهای مێژوو لەوەدایە، كەزانیاریمان  دەربارەی كارەكانی مرۆڤ لەرابردوودا پێدەبەخشێت، واتە زانیاری دەربارەی راستەقینەی ئەو مرۆڤە(كولنجوود، 1968، ل43-44).

ئامانجی مێژوو وەك(کانت) بۆی دەچێت، ئەو ئاسۆیەیە، کەوا مرۆڤ لەرێگای پێشکەوتنەوە هەوڵی بۆ دەدات، هەرچی لای کەسێکی وەکو (هیردر)، ئامانجی مێژوو ئێستایە، لێرەداو هەنووکەیە، لەهەرێمێك و کەلەپووری تاکێك، یاخود گەلێکدایە، لە پێکهاتەی جوانی و ئاکاری هەموو تاکگەرایی و جیهانگەرایییەکدایە، ئامانجێکە بەرەو رووی نارۆین، بەڵکو لەرێگای ئەوەوە دە رۆین(الزین، .www.mominoun.comل23).

کەواتە لکاندنی ئاسۆیەکی مێژوویی بە رووداوێك لەرووداوەکان، رووخسارێك لەرووخسارەکانی تێگەیشتنە، کە لە نامۆبوونی هووشیاریەکی رابردوو لەخودی خۆیدا ناچەسپێت، بەڵکو لەرێگای تێگەیشتن لەئاسۆی ئێستادا بەسەریدا رەتدەبین، لەبەرئەوەی لەپرۆسەی تێگەیشتندا، توانای راستەقینە بۆ ئاسۆکان دێتە بەرهەم، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کەهەرکاتێك ئاسۆی مێژوویت کەوتاند، لەهەمان کاتدا تێیدەپەڕێنیت، رووداني ئەو توانەوەیە بە شێوەیەکی رێکخراو، ئەو ئەرکەیە، کە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەو هووشیارییەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مێژووەوە، سەرباری ئەوەی ئەو ئەرکە ناروون و تەم و مژاویە، لەراستیدا ئەرکی بنەڕەتی هارمۆنەتیکیە(غادامیر، 2007، ل417). بێگومان ئەمەش سوودی بۆ بەرچاو روونکردنەوەی مرۆڤ دەبێت بەرامبەر ئایندە. چونکە مرۆڤ هەوڵدەدات لەرێگای مێژووەوە ئایندەی خۆی دیاریبکات، یاخود بەلایەنی کەمەوە بەرچاو روونیەك بۆ ئایندە دروست بکات، لەبەرئەوەی ئاسۆی ئێستا بەردەوام لەدروست بووندایە و ئێمە بە بەردەوامی حوکمەپێشبینیەکانمان تاقیدەکەینەوە، لایەنی گرنگی پرۆسەی ئەو تاقیکردنەوەیە خۆی لەوەدا بەرجەستەدەکات، کە بە بەردەوامی رووبەرووی رابردوو تێگەیشتنی ئەو کەلتوورە دەبینەوە، کە لێیەوە هاتووین، ئاسۆیەك جیاوازە لەخودی خۆیداو بۆ ئێستا نیە، بەڵکو زیاتر ئاسۆیەکی مێژوویی هەیەو پێویستە بە دەستی بێنین، تێگەیشتنیش هەمیشە توانەوەی ئەو ئاسۆیانەیە، کە گریمان دەکرێت لەخودی خۆیدا بوونی هەبێت، ئێمەش بە شێویەکی سەرەکی و هەر لەزەمانی زووەوەلەگەڵ ئەو توانەوەیە لێراهاتووین، لەتێبینیە ساویلکەکانی دەربارەی خودی خۆی و میراتی خۆی، ئەو پرۆسەی توانەوەیە لەکەلتوورێك لەکەلتوورەکان، پرۆسەیەکە، کە تیایدا هەمیشە کۆن و نوێ لەشتێکی بەبەهادا یە کتر دەگرن، بە بێئەوەی هیچ لایەکیان راشکاوانە پێشەنگ بوون ببەخشێتـە ئەوەی تر(غادامیر، 2007، ل 417).

پەندێکی باو هەیە، دەڵێت: "مێژوو هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە"، بەو دەربڕینە دەیانەوێت بڵێن " لەتواناداا نیە سوود لە مێژوو وەربگیرێت"، راستە مێژوو بەوردی و بەدوورو درێژی خۆی دووبارە ناکاتەوە، لەبەرئەوەی هەرگیز ئەگەری ئەوە نیە، کەهە مان کەسەکان و هەمان هەڵوێستەکان و هەمان دۆخەکان وەکو خۆیان بەوردی دووبارە ببنەوە، بەڵام ئەمە ئەوە رەتناکاتەوە، کەوا کاودانی لەیەك چوو ئەگەر بەرێگایەکی لەیەکچوو بگیرێتە بەر، دەبێت هۆی هاتنەدی ئەنجامی لەیەك چوو، لەمێژووی ئەو شۆڕشانەی لەیەکتر دەچن تێبینی ئەوەدەکرێت، کە زۆرجار ئەوە دووبارەدەبێتەوە، کەوا قەیرانی هاوشێوەو هەڵوێستی هاوشێوە، کە رەگەزەکانیان بەتەواوی لەیەکتر دەچن دووبارە دەبێتەوە، جا ئەگەر ئەمە لەئینگلتەرا بێت لەساڵی دوای (1640)، یاخود لەفەرەنسا بێت لەو دەساڵەی دوای (1790)، یاخود لەرووسیا بێت لەساڵی (1917)(راوس، 1968، ل17)، یاخود لەرەفتاری ئەمریکیەکان بێت لە کاتی ئێستا لەئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی قەزوین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو ئەو شوێنانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داگیریان کردووە.

بەریتانیەتیەکان باجێکی گەورەیاندا بەهۆی ئەوەی سەرکردەکانیان، کەراستەقینەی مێژووی ئەمرۆو، رەوگەکانیانی بەر لە جەنگیان نەدەزانی! لایەنگرانی سیاسەتی لاتەریکیش لەئەمریکا لەوان باشتر نەبوون، کشانەوەی ئەمریکا لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا لەساڵی (1920) لەشوێنی سروشتی خۆی نەبوو، لەکۆتایدا بووەسۆنگەی ئەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا دەستدرێژیەکانی (تکروسخۆ)یان دە ست پێبکەن و جەنگی جیهانی دووەم دایسێ( راوس، 1968، ل9). ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە روانگەی مێژوویی بایەخێکی یەکلایی کەرەوەی هەیە لەبواری سیاسەتدا. گێژەلووکەیەك، هێزێك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەبینین، کەشوێنێکی باشتر بۆ خۆی دادەپچڕێت لەوەی کەرەستە سروشتیەکان بۆی ئامادە دەکەن، دواتر زۆری پێناچێت دەگەڕێتەوە شوێنی سنووورداری خۆی، واتە بەشێوەیەك، کە بگونجێت لەگەڵ کەرەستە سروشتیەکانی خۆی. ئەمەش لەئەنجامی کارەساتێك، یاخود دۆڕاندنێك دێتەئاراوە. لەسەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەم لەجیهانی نوێدا ئەمە روویدا، ئیسپانیا، کاتێك کۆنترۆڵی ئەوروپای کرد زیاتر لەتواناکانی خۆی فراوان بوو ، ئەمە وایکرد دووچاری بیهێزیەك ببێتەوە، کە تا ئێستا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، فەرەنسا لە سەردەمی(لویسی چواردە) لەتواناکانی خۆی فراوانتر بوو، دواتر دووچاری دۆڕاندن بوو ناسۆری زۆری چەشت، پاشان لەژێرکاریگەری شۆڕش و سەرکردایەتی ناپیلۆن، جیاوازی نێوان هێزەکانی ئەوروپای قۆستەوەو گەڕایەوەو نفووزی خۆی لەهەموو ئەوروپا بڵاوکردەوە، بەگوێرەی سروشتی شتەکان ئەمە زۆر ناخایەنێت، خەڵکێك ئەو هەوڵانە دەدەن و دواتر کارەسات بەسەر خۆیاندا دەهێنن( راوس، 1968، ل 118).

**بەشی سێیەم:**

**سروشت و پێکهاتەی مێژوو**

**باسی یەکەم:**

**مێژوو وەك زانست**

ئایا مێژوو زانستە؟ پرسیارێکە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوەو بەدرێژایی کات فەیلەسووفەکان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیە وە هەبووە، لای هەندێك مێژوو زانستێکە تایبەتە بە هەوڵەکانی(الجهود) مرۆڤایەتی، یاخود هەوڵێکە بەئامانجی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی، کە پەیوەندیان بەتواناکانی مرۆڤەوە هەیە( کولنجوود، 1968، ل42). هەندێکی تر پێیان وایە، مێژوو زانست نیە، بەڵکو رێگایەکە لەرێگاکانی هونەر، لەراستیدا پەیوەندیەکی دیالیکتیکی لەنێوان هونەرو مێژوودا هەیە، بەوپێیەی کەوا هونەر سەرچاوەیە کی گرنگە لەسەرچاوەکانی مەعریفەی مێژوویی، یارمەتی مێژوونووس دەدات بۆ ئەوەی حالەتی ویژدانی چاخە مێژووییە جیاوازەکان ئاشکرا بکات، گومانی تیانیە، کە شێوەکانی دەربڕینە جیاوازەکانی داهێنانی هونەری یارمەتی مێژوونووس دەدات بۆ ئەوەی سەرلە نوێ وێنای رابردوو بکاتەوەو سەرلەنوێ روحی وەبەردا بکاتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی چەمکی مێژوو فراوان بوو بەتەنیا لە ژیاننامەی پاڵەوانەکانی شەڕو جەنگەکان کورت ناەکرایەوە، بەڵکو لایەنەجیاوازەکانی شارستانیەت و دەستکەوتە زۆرەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتە خۆ، کەواتە ژمارەی سەرچاوەکانی مەعریفەی مێژوویی زۆر بوو، مێژوونووس پەنای بۆ جۆرەکانی داهێنانەهەمە رەنگەکانی هونەر برد بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی مێژوویی بەپیت بەدەست بێنێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر مرۆڤ بابەتێکی هاوبەشە لەنێوان هونەرو مێژوو بەو پێیەی داهێنەرێکە بۆ هونەرو دروستکەرێکیشە بۆ رووداوە مێژووییەکان، ئەمەبووە سۆنگەی ئەوەی وێژەوانان وای بۆ بچن، کە مێژوو ئەگەر زانست بێت و یاخود زانست نەبێت، گومانی تیا نیە، کە هونەرێکە لە هونەرەکان، زانستیش گە یشتبێتە هەر ئاستێك لەمێژوو جگەلەئێسك و پرووسکی وشك هیچی ترمان ناداتێ، لەئەندێشەی هۆزانڤان حەتمی تر نیە، تەنیا ئەگە ر بیەوێت ئەو ئێسقانانە بڵاوبکاتەوەو ژیانیان بخاتەوە بەر، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەندێکی تر پێیان وایە، کە مێژوو بەدەست ئە وەوە ناڵاندوویەتی، کە وەك بەشێك لەوێژە سەیر کراوە، لەکاتێکدا مێژوو زانستە نەکەمر و نە زۆر ( ابو سعود، 1997، ل177-178).

مێژوو جۆرێکە لەجۆرەکانی توێژینەوەی زانستی، لە بنەماوە مێژوو دەکەوێتەخانەی زانستەوە، کە مەبەستمان ئەو جۆرە بیرکردنەوانەیە، کە چەندین جۆر لەبیرکردنەوەو پرسیاری دیاریکراومان لا دەژێنێتەوەو هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەین، گرنگە درك بە وە بکەین، کە زانست بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو جۆرەکانی زانین(مەعریفە) پێکنایەت، کە وەرمانگرتووەو رێکمان خستووە، یاخود بەشێوەیەکی دیاریکراو پۆلینمان کردووە، بەڵکو لەجەخت کردنەوە لە زانینی شتێك پێکدێت، کە نایزانین و هەوڵدەدەین لەراستەقینە کەی تێبگەین( کولنجوود، 1968، ل42)، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوەمان کرد، کە مێژوو چ جۆرێکە لە جۆرەکانی زانست؟ ئەوە بێگومان مێژوو وەك ئەستێرەناسی نیە، کە راستەوخۆ سەیری بکەیت، وەکو کیمیاش نیە، ئەزموون و تاقیکردنەوە بێت، ئەو زانستی لێکۆڵینەوەو رەخنەگرتنە، لەهەموو زانستە سروشتیەکان زیاتر لەزەویناسی دەچێت، هەروەك چۆن زەویناس لێکۆڵینەوە لەسەر زە وی دەکات وەك ئەوەی لەکاتی ئێستادا لە ئارادا هەیە، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن گەیشتۆتە دۆخی ئێستای، بەهەمان شێوە مێژوونووس توێژینەوە لەسەر شوێنەوارەجیاوازەکانی رابردوو دەکات، بۆئەوەی لەرێگای ئەوەوەو بەگوێرەی تواناکانی خۆی دیاردە کانی ئێستا راڤە بکات، هەروەك چۆن زەویناس بابەتەکەی خۆی لەسەر پەیژەکانی پاشەڕۆی سروشت دادەمەزرێنێت بۆ ئەوەی بە ڵگەی سەلماندنی گەشەسەندنە جیۆلۆجیەکانی کۆن بدۆزێتەوە، بەهەمان شێوەمێژوونووس لەمەعریفەی داکەوتەکانی(الوقائع) رابردوو پشت بەشوێنەوارە ماتریالیەکان، یاخود دۆسیەکان، یاخود نەریتەکان دەبەستێت، کەبەرێکەوت یاخود بەرێکەوتن لەزەمەن پارێزراوە...، ئەو شوێنەوارو دۆسیەو نەریتانە، ئەو راستەقینە هەست پێکراوانەی ئێستایە، کە کاری مێژوونووس لەسەری دەوەستێت و کەرەستەی زانستەکەیەتی، ئەو لەخودی خۆیدا بە بەهاو گرنگ نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە دەلالەت لە داکەوتەکانی رابردوو دەکاتەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆش دەلالەت لە داکەوتەکانی رابردوو ناکات، بەڵکو بەهۆی تیشکی ئەو رووناکیەی، کە هزری توێژەر دەیخاتە سەر، ئەو مێژوونووسەی، کە هەوڵیدا هۆیەکانی هەڵەکان لەدۆسیەکانی پاك بکاتەوە، گەیشتە پوختەی ئەو راستە قینەیەی، کە دەمێنێتەوە، هێشتا توێژینەوەکەی دەست پێنەکردووە، لەبەر ئەوەی داکەوتەکان و شوێنەوارەکان پڕن لەبیرو بۆچوون و ئیرادەو هەڵچوون، کە ئەو داکەوتەو شوێنەوارانە دەریان دەبڕن، یاخود جێهێشتەیەکی ئەوان بوون، ئەو بۆچوون و ئیرادەو هە ڵچوونانە راستەقینەی کۆتایی و چەسپاوی روحی مرۆڤایەتین و ناتوانرێت راستەوخۆ تەماشا بکرێت(هرنشو، علم التاريخ، 1944، ل8).

(فرنسیس بیکون) بەگوێرەی هێزی درك پێکردن، زانستەکان دابەش دەکات بۆ سێ جۆر: مێژوو، کە زانستی یاددانە(علم الذاكرە)، شیعر، کە زانستی خەیاڵدانە، فەلسەفە، کەزانستی ئاوەزە، ئەوسێ زانستە بریتین لەو قۆناغەیەك بەدوای یەکانەی، کە ئاوە ز پیایاندا تێدەپەڕێت بۆ پێکهێنانی زانستەکان، مێژوو کۆکردنەوەی زانستەکانە، شیعر رێکخەرەکەیەتی و فەلسەفە پرۆسەی پێکهێنانە

ئاوەزیەكەیەتی، لەچوارچێوەی بیركردنەوە لەزانستی سروشتیدا، مێژوو لەپێشەوەیەو دوای ئەو شیعرو دواتریش فەلسەفەدێت، مێژووی مەدەنی و مێژووی سروشتی، كەمێژووی (بوونەوەرەجیاوازەكان و هونەرەكان و پیشەسازیەكانە) دەگەڕێنەوە بۆ یاددان(الذاكرە)، مێژوو لەگەڵ شیعردا ناكۆكە، چونكە بابەتی مێژوو واقعەو بابەتی شیعر وەهمیەو ئامرازاكەشی ئەندێشەیە، هە روەها لەگەڵ فەلسەفەشدا ناكۆكە چونكە بابەتی مێژوو پارچەییە(جزئیە) بابەتی فەلسەفە كۆییە(كلیە) ئامرازەكەشی ئاوەزە(بلخن، 2006، ل137). ئەگەر (فرنسیس بیكون) لەرووی میتۆدیەوە كاریگەری هەبوو، ئەوا هەریەك لە(جون لوك) و (دیڤید هیوم) كاریگە ریان لەسەر بنەمای فەلسەفی هەریەك لەسروشت و مێژوو هەبوو، كە دەتوانرێت لەم چەند خاڵەدا كورت بكرێتەوە:

1- ئەزمونگەرایی واتای وەستانی مەعریفە لەسەر بابەتێكی درك پێكراو، بەشێوەیەك خودە درك پێكراوەكە، تەنیا رۆڵێكی كەمی دە مێنێت، جا ئەگەر مەعریفەی مێژوویی لەنێوان دوو لایەن بێت، كەرەستەی مێژوویی و ئاوەزی مێژوونووس، ئەوا مەعریفەی مێژوویی لەسەر مادەكە دەوەستێت، نەك ئاوەزی مێژوونووسەكە.

2- رەتكردنەوەوی (لوك) و (هیوم) بۆخۆرسكی هزرەكان، لەمێژووی نزیك كردنەوە، لەبەرئەوە كەرەستەی مێژوویی، واقعی و ئە زموونگەراییە، بواری باسكردنی خۆرسكی هزرەكانی تیادا نابێتەوە، ئەمەش واتای نزیك بوونەوەی مێژووە لە زانستی سروشتی! تە نانەت (هیوم) بۆ ئەوەی رەوگە ئەزموونگەراییەكەی بسەلمێنێت، پشتی بەنمونەی مێژوویی بەست، بۆ ئەوەی پێداگری لەسەر بێگومانی خۆی بكات لەسەرئەوەی، كە راستەقینەی مێژوویی راستەقینەیەكی ئەزموونگەراییە، نەك ئاوەزیەكی تێڕامانی(عقلیە تأملیە )، ئەو دەڵێت:" ئێمە لەو بڕوایەداین كاتێك تەزار لەناوەڕاستی مانگی ئازاردا كوژرا، ئەم داكەوتەیە(واقع) بەهۆی رێكەوتنی گە واهینامەی مێژوونووسانە لەسەر دیاریكردنی شوێن و كاتی داكەوتەكە، لەمێشكماندا وێنەی كەسەكان و لەئاوەزیشماندا داكەوتەكەو ئەوانەی ئامادەبوون و بینیان" هەیە(صبحی، 1975، ل13). بەم چەشنە توێژینەوەی مێژوویی بووە خاوەنی نەزعەیەكی سروشتی، نە زعەیەك، كە رەنگدانەوەی زانستی سروشتی بوو بەسەر مێژوو، ئەمە بووە سۆنگەی ئەوەی مێژوو ببێتە زانستێك بەواتای فیزیكی بۆزانست، میتۆدێكی ئەزموونگەرایی بەدواداچوونكاری(استقرائی) بۆ حالەتی مێژوو بكات، ئەگەر بە شێوەیەكی ناراستەوخۆش بێت، دەتوانین ئەمە لەچەند خاڵێكدا شیبكەینەوە:

1- كەڵەكەكردنی كەرەستەیەكی زۆری مێژوویی، كەوردەكاری دوورو درێژی تێدابێت.
2- ئابڵووقەدانی كەرەستەكە لەرووی كات و شوێنەوە، بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت توێژینەوەی لەسەر بكات.
3- گەیشتن بەئەحكامی گشتگیر بۆئەوەی لەئێستاو داهاتوودا سوودی لێوەربگیرێت(صبحی، 1975، ل16).

هەر زانستێك ، بەگوێرەی ئەو راستەقینانەی دەیەوێت ئاشكرایان بكات، جیاوازی لەگەڵ زانستەكانی تردا هەیە، كەواتە ئەو راستەقینانەی، كەمێژوو دەیەوێت ئاشكرایان بكات هەوڵەكانی مرۆڤە، واتە ئەو كارانەیە، كەمرۆڤ لە رابردوودا پێی هەڵساوە، سە رباری ئەوەی ئەم وەڵامە ژمارەیەكی زۆر پرسیار دەوروژێنێت، بەڵام دەكرێت ئەو پرسیارانەش وەڵام بدرێنەوە، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارانە بەگوێرەی فەلسەفە ئەوە نیە، كە تیورێك بۆ پێكهاتەی چەمكەكانی زانستی مێژوو دابنێین، هەروەها تیوری ئەپستمۆلۆژی مێژوویش نیە، بەهەمان شێوەدانانی تیورێكیش نیەلەمێژوو، بەو پێیەی بابەتێكە لەپیشەسازی مێژوو، بەڵكو هارمۆنەتیزەكردنی بوونەوەرێكە بەشێوەیەكی رەسەن و مێژووییانە(هیدغر، 2012، ل61). بۆیە دەبینین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، كەدەڵیت ئایا مێژوو زانستە یاخود زانست نیە، دوو میتۆد هەیە ئاوێتەی یەكتر دەبن، یەكەمیان میتۆدێكی ئاوەزی و زانستیە، دووەمیان ویژدانی جوانناسیە، كە ئەمانەش دژ بەیەكتر نین بەڵكو تەواوكەری یەكترن و هەر یەكەیان رێگا بۆئەوەی تر رووناك دەكاتەوە( راوس، 1968، ل91). زۆر كەس وایدەبینن، كە گومانی تیا نیەمێژوو زانستە، لەبەرئەوەی دەتوانین وشەی (زانست) بەهەموو كۆمەڵە زانینێك بڵێین، كە لەرێگای میتۆدێكی پتەوی توێژینەوەو لەجۆرێكی دیاریكراوی داكەوتەكان دێتە بەرهەم، مێژوو زانستی داكەوتەكانە، كەپەیوەندی بەخەڵكی زیندووەوە هەیە لەناو كۆمەڵگاو لەرێگای بەدوای یەكهاتنی زەمەنەكان لەرابردوو، دەكەوێتە چوارچێوەی زانستە وەسفیە كان، لەبەرئەوە جیاوازیەكی بەرچاوی لەگەڵ زانستە گشتیەكاندا هەیە، لەبەرئەوەی ئەو زانستانە وەك فیزیك و كیمیاو زیندەوە رزانی میكانیك. ..هتد، كار بۆ ئاشكراكردنی یاساكان دەكەن، واتە ئەو دیاردانەی، كە لەیەك جۆرن و بەشێوەیەكی چەسپاو بەدوای یە كدا دێن، خۆیان لەدۆخی ریالیستانەی شوێن و زەمەن بەدوور دەگرن، چونكە ئامانجیان ئەوە نیە بڕیار لەسەر ریالیست بدەن، بە ڵكو پێشبینیكردنی ئەو دۆخانە دەكەن، كە زانراوە، بەڵام زانستە وەسفیەكان هەوڵدەدەن داكەوتە كەرتبووەكان بزانن، لەوە دەتوێژێتەوە، كە چۆن دابەش دەبن، یا بەتەنیا لەشوێن دەتوێژنەوە وەكو( گەردووناسی و زانستی جوگرافیا و زانستی كانزاكان و زانستی ئاژەڵەكان و زانستی رووەكەكان)، یاخود لەشوێن و بەدوای یەكداهاتنی زەمەنەكان دەتوێژێتەوە، وەك(زەویناسی و زانستی چاخەمێژوویە زۆر كۆنەكان)، مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشەی دووەم( بوس، 1981، ل أ).

کەواتە مێژوو ناکەوێتە چوارچێوەی زانستە ئەزمونگەراییەکانەوە، بەڵکو زانستی توێژینەوەو وردبوونەوەیە، گەڕان و وردبوونەوەیە لەراستەقینە، تەنانەت وشەی مێژوو لەواتا زانستیەکەیدا، هیچ شتێك ناگەیەنێت جگە لەتوێژینەوەو میتۆدی توێژینەوە نەبێت، مێژوو هیچ بابەتێکی نیە ئەگەر بێت و ئاوەڵناوێکی نەخرێتەپاڵ، وەك مێژووی سیاسی، کەمەبەست تیایدا مێژووی دەوڵەتێك لەدەوڵەتان و یاخود مێژووی کۆمەڵایەتی، کە واتای گەشەسەندنی نەتەوەیەك لەنەتەوەکانە لەژیانی خۆیدا، مێژووی شارستانیەت، واتای پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی و مێژووی و هونەرو... هتد(فوزی، 1964، ل 13). هەندێکی تر پێیان وایە، کە مێژوو بۆئەوەی زیاتر لە زانست نزیك بێتەوە، پێویستە هەوڵبدرێت میتۆدی تری بۆ دابهێنرێت، هەتاوەکو بەو شێوەیەی ئێستا کار لەسەر مێژوو بکرێت، مێژوو ناتوانێت پێناسەیەکی ورد بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەو کەسەی ململانێ لەگەڵ دوژمنێك دەکات، هەوڵدەدات، بێگومان لە مێشکی خۆیدا بیکاتە پێچەوانەوەی خۆی، هەوڵدەدات تا رادەیەکی وا باوەڕ بەخۆی بێنێت، کە ئەو ئازایەتی (دۆزێکی رەوایی ) هەیە ، وەك ئەوەی، کە(ئەو بەڕاستی دۆزێکی رەوای هەبێت!)، رکابەرەکەی شەڕی ئاوەزو مگێزو و چاکەکان دەکات،..بەهێزترین ئامڕاز بۆ هێرش بردن و بەرگریکردن، باوەڕ بوونەکەیەتی بەخۆی، بەڵام باوەڕ بوونێك، کە خراپ راڤە کراوەو ناوی خوای لێ نراوە! ئەو هە رگیز لایەنە باش و سوودەکانی سەرکەوتنەکانی ناهێنێتە بەرچاو، بەڵکو هەمیشە سەرکەوتن وەك هۆی سەرکەوتن دێنێتە بەرچاو، ناوی (سەرکەوتنی خوا) ی لێدەنێت، هەموو کۆمەڵێکی بچووك، بگرە هەموو تاکێك خۆی لەناو ململانێیەکدا دەدۆزێتەوە، هەوڵدەدات قنیات بەخۆی بێنێت، کە:"مگێزی تەندروست و چاکەو حوکمی رەوا لەپاڵ ئێمەیە" ململانێیەکان مرۆڤ ناچار دەکەن، کە ئەو زێدەڕۆییە لەخەملاندنی خۆی بکات( نیتشە، 2011، ل151).

بەڵام ئەوەی، گفتوگۆ زۆر هەڵناگرێت ئەوەیە، کەمێژوو لەمیتۆدەکەیدا زانستە. ملوێنان راستەقینەی مێژوویی هەیە، کەدە کرێت بڕیاری لەسەر بدرێت و باوەڕ بەکەسانی پسپۆڕو نا پسپۆڕ وەکو یەك بهێنرێت! وەك ئەوەی بڵێین دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، یاخود برێکی دیاریکراو لەهایدروجین و ئۆکسجین لەکاودانێکی دیاریکراودا بەرێژەیەك تێکەڵ بکرێت دەبێتە ئاو. بۆ نمونە هیچ گومانێك نیە، کە رۆژێك لەرۆژان، لەتشرینی یەکەمی (1492)، کۆمەڵێك لەدەریاوانەکان، بەسەرپەرشتی کاپتنێك، کەبەزمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن(کریستوفر کولومبس) لەسەر یەکێك لەدورگەکان دابەزی، کەپێدەچێت ئەو دورگەیەبێت کەئێستا پێی دەڵێن (واتلینگ). راستەقینەی ئەو رووداوە، کۆمەڵێك دۆکیومێنت دەیسەلمێنێت، کەراستی و توانای باوەڕپێهێنانی تاقیکراوەتەوە، مێژوونووس وەك راستەقینەیەکی مێژوویی یاخود وەك زنجیرەیەك لەراستەقینە سەیری دەکات و جگە لە خەڵکی پسپۆڕ نەبێت کە س گومانی لێناکات، بەقەد ئەوەی، کە گومان لەخشتەی لێکدانەوە ناکەن، تا ئەو کاتەی هەندێك دۆکیومێنتی تر بەدیار دەکەوێت، کە لەو زیاتر تەندروستەو زیاتر جێگای باوەڕ پێهێنانە، دیارە، کەژمارەیەکی زۆر لەراستەقینەی هاوشێوەی ئەو راستەقینەیەهەیەو لە سەر بنەمایەکی زانستی هاوشێوە بەندە، لەلای پسپۆڕو خەڵکی ناپسپۆڕ، راستەقینەی کەرەستەی ئەو مێژووەن، کە هێشتا تەواو نە بووە(جوتشلك، 1966، ل 20).

بەم چەشنە زانستی مێژوو زانستێکە لەرووداوەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لەزەمەنی رابردوودا، کەواتە بابەتی مێژوو رووداوەکانی مرۆڤە لەزەمەنی رابردوو، ئامانجیشی زانینی ئەو رووداوانەو ئەو کات و شوێنەیە، کە تیایدا روویانداوە، هەروەها زانینی هۆو ئە نجامەکانیەتی، پرۆسەی توێژینەوەی مێژوویی لەبەدواداچوونی رەگەزەکانی رووداوو ئەو فاکتەرانەی، کە بەشداریان تیاکردووەو هەر لەدروستبوونیەوەدەست پێدەکات، لێکۆڵینەوە لەو کاودانەی، کە رەگەزەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، سروشتی ئەو کار لەیەکترکردنەیە ، کەلەنێوان ئەو رەگەزانەدا روویداوە، بۆ ئەوەی لەکۆتایدا بگەینە ئەو سەرئەنجامەی، کە ئەو بەیەکەوە کۆبوونەوەو کار لەیەکتر کردنەی، کە خۆی لە رووداودا دەبینێتەوە، رووخساری کۆتایی مەسەلە مێژووییەکەیە. کەواتە لەسەرەتاوەتێبینی ئەوەدەکەین، کە پرۆسەی توێژینەوەی مێژوویی شێوەی هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بەخۆوە دەگرێت، لەلای راستەوە بەیەکەوە کۆکردنەوەی رەگەزەکانی مرۆیی و کات و شوێن، کە لەنێوان خۆیاندا کاریان لەسەر یەکتر کردووە، دواتر سروشتی ئەو کار لەیەکترکردن و قەبارەکەی، دواتر دەچینەلای چەپی هاوکێشەکە، کە ئەو سەرئەنجامەیە، کە لەکۆبوونەوەی رەگەزەکانی لای راست دەکەوێتەوە، ئەویش ئەو مەسەلە مێژووییەیە، کە لەراستەقینەدا هاتۆتەدی.ئەمەش شێوەی هاوکێشەکەیە:

رەگەزەکانی رووداو(کەسەکان، کات، شوێن، ئامڕازەکان) + (کۆبوونەوەی رەگەزەکان و کارلەیەك کردنیان) =رووداوی مێژوویی(عبدالحمید، 2008، ل 14-15). ئەمەیەوایکردووە، کەك ەسانێکی وەکو مارکس و ئینگڵز بڵێن( ئێمە تاکە زانستێك دەناسین ئەویش زانستی مێژووە)( التمیمی، 2013، ل10). لەراستیدا زۆر کەم بابەت هەیە، کەبەشێوەی زانستی بوون، یاخود زانستی نە بوونی مێژوو، گفتوگۆی لەسەر کرابێت، بەڵام وەك دکتۆر(چ.ب.بیورن) دەڵێت :"مێژوو زانستە نە زیادو نەکەم"(هرنشو، 1944، ل 2-4).

**باسی دووەم:**

**مێژوو وەك مەعریفە**

ئایا مێژوو زانستەیا مەعریفەیە، ئەگەر گریمانی ئەوەمان كرد كەوا مێژوو مەعریفەیە، دەبێت چ جۆرێك بێت لەجۆرەكانی مەعریفە؟ ئایا دەكەوێتە چوارچێوەی مەعریفە میتافیزیكیەكان(شتی نادیار-ئاینی)، یاخود هونەرێكە لەهونەرەكانی نووسین؟ یا زانستێكە لە زانستەكان؟یاخود دەكەوێتە دووتوێی فەلسەفەوە؟ بەر لەهەموو شتێك دەڵێین زۆری پرسیار دەربارەی سروشتی مێژوو، لێپێچینەوە لەمێژوو بەرامبەر ئەو هەموو جۆرەی مەعریفەی مرۆڤایەتی، لەخودی خۆیدا شتێكی رەوایە، (لیوتار) جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لەمەعریفە دەكات، مەعریفەی زانستی و مەعریفەی چیرۆكی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، كە زانست پشت بەشەرعیەتێكی دەرەكی دەبەستێت نەك بەمەعریفەی چیرۆكی، كە ئەمەش بڕبڕەی پشتی پۆست مۆدێرنیتەیە، لەروانگەی ئەو لەقۆناغی پۆست مۆدێرنیتەدا جێگا بۆ گێڕانەوەی گەورەنەماوە، كە بۆ زیاتر لەدوو سەدەدا باو بوو، هەروەها گێڕانەوەی فەلسەفی تێرامانی گەورە سەریهەڵدا لەسەر شێوەی (هیگل) و خەڵكانی تر، گێڕانەوەی گەورەی سەردەمی رۆشنگەری تیكشكا، كە مرۆڤایەتی دەكردە پاڵەوانی خۆی، بە هۆی ئەو ناخۆشی و كارەساتانەی، كە شەڕو ماڵوێرانیەكانی سەدەی بیستەم لەگەڵ خۆیاندا هێنای و بیانگەی ئاكاری رۆشنگەری فڕیدایە خوارەوە، دوای ئەوەی، كە ئەو (پاڵەوانە) و مرۆڤایەتی و رۆشنگەری، لەرێگای گێڕانەوەیەكی گەورەی فەلسەفە ی تێرامان لەئازادی و مەعریفەی زانستی دەگەڕا، كە بیگەیەنێتە راستەقینە، ئەو پاڵەوانانە كەوتنە خوارەوە، لەئەنجامی گەڕانە دواوە ی بەردەوامی راستەقینەی زانستی پۆزەتیڤیستی، فەلسەفەی تێرامان خۆی لەگۆڕنا لەبەرئەوەی پشتی بەدەستكەوتەكانی زانستی پۆزەتیڤیستی دەبەستا، كە ئەستوندەكانی تێكشكابوو(فرو، 2013، ل278).

هەندێك پێیان وایە، كە مێژوو لە ناواخنەوە، مەعریفەیە لەرێگای دۆكیومێنتەكانەوە، بەڵام مێژوو، گێڕانەوی مێژوویی دۆكیومێنتەكان تێدەپەڕێنێت و خۆی دەخاتە پشت دۆكیومێنتەكانەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ دۆكیومێنتێك خۆی لەخۆیدا نابێتە رووداو، نابێتە تۆمارێكی وێنەیی ئەمین بۆ بە دوادا چوونی دیمەنەكانی رووداو، وات لێ ناكات، كە راستەوخۆ رابردوو ببینی(وەك ئەوەی لەوێ بوویت)، دۆكیومینت لاسایی كردنەوەی رووداو نییە، بەڵكو گێڕانەوەی رووداوەكەیە، واتە مێژوو رۆمانێكە لە سەر زمانی مێژوونووس، نووسەر، نەك لەسەر زمانی ئەو كەسانەی كاتی كردارەكە خۆیان ئامادەییان هەبووە( ڤین، 1998، ل27).

(گوستاف لوبون) پێی وایە، كە مێژوو زانست نیە، بەڵكو پێكهاتەی كۆمەڵێك زانستی جیاوازە، پرەنسیپەكانی بەهۆی پێداویستیە وە لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگۆڕێت، فەلسەفەی ئێستا بەهۆی داهینانەكانی زانستەكان، هەندێك لەپرەنسیپەكرۆكیەكان لە پێشكەوتنی جیهان و سروشتی مرۆڤ وایلێكردین، هەندێك بابەت بخوێنێن، كە لەكتێبە مێژووییەكان نابینرێن، كە بنەمای راستەقینە ی مێژوون(لوبون، 1954، ل 13)، بۆیە مێژوو:

1- ئینتیمای بۆ نەزعەی زانستی ورد (scientism) نیە، بەڵكو ئینتیمای بۆ كاروباری دنیا هەیەلەژێر مەداری مانگدا.

2- داكەوتە سەرەتاییەكان (الوقائع الاولیە) ی نیە، هیچ واتایەك بۆ داكەوتەیەك نامێنێتەوە تەنیا لە ناوچوارچێوەی چنینەكەی خۆیدا نەبێت و دواجار بۆ ژمارەیەكی بەكۆتا نەهاتوو لەچنینمان دەبات (خۆپیشاندانێكی سیاسی، رووداوێكی هات و چۆ، رووداوێك لەژیانی تایبەتی هەریەكێك لەخۆپیشاندەران).

4- رێگا نادرێت كەوا مەرسومێك دەربكرێت، كە تەنیا (خۆپیشاندانە سیاسیەكە) ئەو چنینەیە، كە شایەنی مێژووە.

5- هیچ نمونەیەكی ئەندازەیی نیە، كە هەموو چنینەكان بەتەواوی بەشێویەكی تۆكمەبەیەكەوە كۆبكاتەوە، كە دەتوانین لەناو ئەو بوارەی رووداوەكاندا هەڵیانبژێرین(ڤین، 1998، ل73).

فەیلەسوفە سروشتیەكان(فیزیكستەكان)، دەیانگوت مێژوو لەخوار زانستەوەیە، هاوكات ئەدیبەكانیش هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن مێژوو لەسەرەوەی زانستەوە، فەیلەسووفە سروشتیەكان پێیان وابوو، بابەتی مێژوو جیاوازە لە بابەتی زانست لەبەرئەوەی نەچە سپاوەو توانای سنووردراكردنی هەیە، ناتوانین راستەوخۆ بڕوانینە داكەوتەكانی مێژوو، ئەزموون و تاقیكردنەوە لە توێژینەوەی مێژوویدا نیە، هەر داكەوتەیەك لەداكەوتەكانی مێژوو سەربەخۆیە، ناتوانێت كاوداتێك وێنا بكرێت، كە تیایدا دووبارە بێتەوە، بۆیە ناتوانین داكەوتەكانی مێژوو بەوردی دابەش بكەین، لەمێژوودا ناگەینە شتی گشتگیر، یاخود یاسای گشتی، لەسەرووی ئەمانەشەوە بابەتی مێژوو پێكهاتەیەكە، كەكۆتایی نیە، هیچ رێكەوتنێك لەنێوان مێژوونووساندا نیە كەوا كام بابەت گرنگەو كام بابەت گرنگ نیە، رەگەزەكانی رێكەوت هەموو هەوڵەكان بۆ گێڕانەوەی رووداوەكان هەڵدەوەشێنێتەوە، لەسەرووی ئەمانەش دروستبوونی كەسایەتی و ئازادی و ئیرادە، وا دەكات هەموو هەوڵێك بۆ دامەزراندنی مێژوو لەسەر بنەمای زانستی بەفیڕۆ بڕواو ببێتە جێی گاڵتەجاڕی، بۆیە دەڵێن:" شتێكی پڕوپوچە، كەوا بیر لەمێژوو بكەینەوە، كە بە واتا راستەقینەكەی زانستە"، هەرچی وێژەوانەكانن، پێیان وابوو، كە مێژوو ئەگەر زانست بێت یاخود زانست نەبێت گومانی تیا نیە، كەهونەرێكە لە هونەرەكان، مێژوو گەیشتبێتە هەر ئاستێك لەزانست ناتوانێت لەئیسك و پرووسكی وشك زیاتر هیچی ترمان پێببەخشێت! بۆیەئەگەر ویستمان ژیان وەبەر ئەو ئێسقانە وشكانە بخەینەوە ، پێویستمان بەئەندێشەی هۆزانڤان دەبێت، كاتێك ئەندێشەش زیندووی كردەوە، ئەوكات پێویستی بەلێهاتوویی نووسەر دەبێت،

تاوەکو بەجلێکی جوان دەربکەوێت و بەشێوەیەك بخرێتە روو، کە لەم جیهانەدا کاریگەری هەبێت، لەپاڵ ئەوەش ئەوانە دەڵێن ئەو بێلایەنیە وشکەی، کە زانایان پەنای بۆ دەبەن، پێگەی مێژوونووسێك، کە بایەخ بە دەروونە هەستیارەکان دەدات، ناتوانێت بەرگەی بگرێت"ئەو کەسانەی کەوا جڵەوی هەڵچوونیان لەدەست دابێت، زۆر کەم هەست بەهەڵچوونی کەسانی تر دەکەن، پاشان ئەو هە رگیز ناتوانێت درك بەو هەڵچوونانە بکات( هرنشو، 1944، ل 2-4).

هەر لەکۆنەوە مێژوونووسان خۆیان بەکێشەی (زانستی بوون) یاخود(زانستی نەبوون) ی مێژوو سەرقاڵ کردووە، هەندێکیان وایان بینیوە، کە لەبەرئەوەی هەموو رووداوێك لەمێژوودا تەنیا یەکە، واتە تەنیا یەك جار روودەدات و دووبارە نابێتەوە، هاوکات رووداوەکان دەگمەنیشن، واتە تایبەتمەندی وایان تیایە، کە لە هیچ رووداوێکی هاوشێوەی ئەواندا نادۆزرێتەوە، بۆیە هیچ شتێك لە مێژوودا دووبارە نابێتەوە، مێژوونووس ناتوانێت وەك فیزیکیست، یاخود کیمکیست، هیچ تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی ئەنجام بدات، سەرباری ئەمەش مێژوونووسان لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەوەکۆکن، کە رووداوێکی دیاریکراو بەراستی لەرابردوودا کەوتۆتەوە، بەڵام لەسەر هۆیەکان و بایەخی هەر هۆیەك لەو هۆیانە رێك ناکەون، بۆ نمونە کەسێك بەردێکی بەسەردا بەردەبێتەوەو خوێنی لێدە تکێت، هۆیەکەی روونەو بەردەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆیەکی نادیار هەیە، کە ئەویش یاسای راکێشانە(قانون الجاذبیە)، هاوکات هەندێك جار هیچ هۆیەك لەئارادا نیەو ئەوان خۆیان سەرئەنجامی هۆی ترن، بۆ نمونە لە بەدواداچوونی رابردوودا، هە ندێك مێژوو نووس بایەخ بە، بەدوای یەکداهاتنی شارستانیەتەکان دەدەن، هەندێکی تر بایەخ بەدوای یەکداچوونی بنەماڵە فەرمانڕەواکان دەدەن، هەندێکی تر پشت بە بەدوای یەکداهاتنی ئامڕازەکانی بەرهەم هێنان دەبەستن(چاخی بەردین، چاخی برۆنزی، چاخی ئاسن)، بەشێکی تر پشت بەشۆڕشە تەکنیکیە گەورەکان دەبەستن (چاخی کشتوکاڵی، چاخی پیشەسازی، چاخی راگە یاندن)، هەندێکی تر بەشێوەکانی بەرهەمهێنان وەردەگرن(شێوەی کۆمۆنەی سەرەتایی، شێوەی کۆیلایەتی، شێوەی دەرەبەگایە تی...هتد)( التمیمی، 2013، ل18). بۆیە مێژوو لەبنەڕەتدا لقێکە لەمەعریفەی مرۆڤایەتی، ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریە لەسەر رابردوو تۆمارکردنی و لێکۆڵینەوەو راڤەکردنیەتی، مێژوو رووداوەکانی رابردوو بەدوای یەکدا لەزنجیرەیەك تۆمار دەکات، بەڵام بە تەنیا بە تۆمارکردنی ئەو رووداوانە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات لەرێگای بە دیارخستنی پەیوەندی لەنێوان ئەو رووداوانەداو روونکردنەوەی پەیوەندی هۆیەتی لەنێوانیان ئەو گەشەسەندنانە راڤەبکات، کەبەسەر ژیانی گەلاندا هاتووە(الشیخ، 1987-1988، ل10).

بەگوێرەی پێناسەی(ئیبن خەلدون) "مێژوو زانستێکی سەربەخۆ نیە، بۆ نمونە وەك زانستی ماتماتیك، بەڵکو زانستێکی فراوان و ئاڵۆزە، ئەو هەموو ئەو گۆڕانانە دەگرێتە خۆ، کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا دێت)"، ئەو پێناسەیەش زۆر راستە، چونکە پەیوەندی زانستی مێژوو بەوزانستانەی تر ئاشکرا دەکات، کە کاریگەریان لەسەر هاوکێشە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە..رادەی پەیوەندی زانستی مێژووش بەهەر یەکێك لەو زانستانە جیاوازە، لەکاتێکدا هەندێکیان دەبنە ئامڕازێك لەئامڕازەکانی توێژینەوەی زانستی، هەندێکی تریان تەنیا وەك یاریدەرێك دەمێننەوە)( عبدالحمید، 2008، ل35). دیارە ئەو خوێندنەوانەش هەموو پەیوەندیان بەمرۆڤ و ئەو ژینگەیەوە هەیە، کەم رۆڤ تیایدا دەژیت، بۆیە مێژوو وەك بەشێك لەزانستە مرۆڤایەتیەکان هەژماردەکرێت، وەك ئەنترۆپۆلۆژیاو دەروونناسی و ئابووری و کۆمەڵناسی و جوگرافیاو دیموگرافیاو زمانناسی و زانستی سیاسی. ...هتد، بەڵام زانستی مێژوو کۆنترین زانستی مرۆڤایەتیە، لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین لای گریکەکەکان لەسەر دەستی هیرۆدۆت دەروبەری (485-420 پ.ز) و توسیدیدس (470-401 پ.ز)، سەری هەڵدا، هەست کردن بەزەمەن لای گریکەکان گوێزرایەوە بۆ هوشیاری مێژوویی، بەمەش خۆیان لەباڵادەستی ئەفسانەکان رزگارکرد، واتە خۆیان لەو بیرۆکەیە رزگار کرد، کە دەیگوت مێژوو دووبارەبوونەوەی رابردووە، گریکەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە مێژوو سیفەتی کەڵەکەبوونی هەیە، هەستکردن بەمێژوو، مرۆڤ لەو سروشتە جیا دەکاتەوە، کە هوشیاریەکی مێژوویی نیە(التمیمی، 2013، ل15). راستە مێژوو بەر لەزانستە مرۆڤایەتیەکانی تر سەری هەڵداو گریکەکان لەکۆنترین سەردەمەوە، کۆمەڵێك رۆڵی گرنگیان لەرۆشبیری رۆژئاوادا بینی، مێژوو، یاددان، ئەفسانە، گوێزەرەوە بوو بۆ وشەو پەندی پێشینان، گەیەنەری داب و نەریتەکان بوو، هاوکات کایەیەکی رەخنەگرتن بوو لەئێستا، چاککردنەوەیەکیش بوو بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی، دە ستپێشخەریەك بوو بۆ ئەوەی دێت و بەڵێنێك بوو بۆ گەڕانەوە، ئەوەی ئەو مێژووە جیا دەکاتەوە، یاخود بەلایەنی کەم دەتوانێت هێڵە پانەکانی، بەبەراورد لەگەڵ مێژووی ئێمە دیاری بکات، ئەوەیە، کە ئێمە کاتێك زەمەنی مرۆڤایەتی بەچارەنووسی جیهان دەبە ستینەوە(لەمێژووێکی گەردوونی گەورە–وەك لای رەواقیەکان)، لە هەمان کاتدا پێچەوانەی ئەوە ، لەسەر بچووکترین رەگەزەکانی سروشت، لەپڕەنسیپ و جوولەی کۆتایی مرۆڤایەتی پراکتیزە دەکەین( وەك ئەوەی بەجۆرێك لەجۆرەکان چاودێری خواوەند(العنایە الالهیە) لای کریستیانەکان دەیکرد) ئێمە نوێنەرایەتی مێژووێکی گەورەو هەماهەنگ لەهەموو رووەکانمان دەکرد، لەونبوونەکەیدا، لە کەوتن و بەرزبوونەوەکەیدا، لەخولەکەیدا، هەموو مرۆڤەکان بەشمەك و ئاژەڵەکانیاوە، بەستووەکانیان.. .. لەگەڵ خۆی راپێچ دەکات! ئەو یەکیەتیەی، کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بواری مەعریفی رۆژئاوا داهات و مێژووییزمێکی تایبەت بەسروشتی دۆزیەوە، هەتا بەگوێرەی بوونەوەرە زیندووە گەورەکانیش دیاریکرا، شێوازەکانی خۆگونجاندن لە گەڵ سروشت دواتر رێگای بەرپرەوی گەشەسەندنەکەی دا، لەوەش مەزنتر ئەوە سەلمێنرا، کە چالاکی مرۆڤایەتی زۆر تایبەت وەکو کارکردن و زمان، لەخودی خۆیدا مێژووێکی تیایە، کە لەشوێنی تردا لەچیرۆکی گەورەی هاوبەش لەنێوان مرۆڤ و شتەکان جێگای

نابێتەوە، بۆ نمونە بەرهەمر هێنان شێوەی گەشەسەندنی خۆی هەیە، سەرمایەش شێوەی وەبەرهێنانی خۆی هەیە، نرخەكانیش یاسای خۆیان هەیە لەسەرپشك كردن و گۆڕینەوە، كە لەتوانادا نیە بەگوێرەی یاساكانی سروشت بپێوین و بەشێوەیەكی گشتی لە ریرەوێكی مرۆڤایەتی بئاخنین، هەمان شت بەگوێرەی زمانیش، كە بە فاكتەرەكانی كۆچكردن و بازرگانی و شەڕو شۆڕ زۆر ناگۆڕێت، بەگوێرەی ئەو گۆڕانانەی، كە بەسەر مرۆڤ و مگێزی مرۆڤ دادێت، بەڵكو بەگوێرەی شێوەكانی دەنگی و رێزمانی دەگۆڕدرێت، كە زمانی لێ پێكدێت، ئەگەر توانیمان بڵێین زمان لەدایك دەبێت و دەژی، كاتێك پیر دەبێت تواناكانی لەدەست دەدات، دواتر بەمردن كۆتایی دێت، ئەو وێنە شیكاریە، كە لە بایۆلۆژیەوە وەرگیراوە، ئامانجی ئەوەنیە، كە مێژووەكەی بتوێنێتەوە لەزەمەنێك، كە زەمەنی ژیانە، بەڵكو پێداگرتنەلەسەر ئەوەی، كە ئەویش مل بۆ كۆمەڵێك یاسای وەزیفی ناوخۆی كەچ دەكات، مێژووەكەی بە گوێرەی ئەو زەمەنە گەشەدەكات، كە بەپلەی یەكەمر پەیوەستە بە هەماهەنگیە تایبەتیەكەی خۆی(فوكو، 1989-1990، ل300).

روانینی مێژوویی، ئاوەزی ئادەمیزادی لەكۆتا پێوەندەكان رزگاركرد، كە لەلایەن زانستەسروشتیەكان و فەلسەفەوە تێكشكێنرا(الساعی: www.aljabriabed.net:ل7)، بەڵام ئایا مێژوو مەعریفەیەكە لەدەرەوەی ئەو هەموو مەعریفانە؟ پێدەچێت وە ڵامەكەبەئەرێ بێت، بەڵی مێژوو لەدەرەوەی هەمووئەو مەعریفانەیە، ئەگەر لەدووتوێی یەكێك لەو مەعریفانە بوایە ئەوا ئەو مەسە لەیە یەكلایی دەبووەوە، كە نزیكەی بیست و چوار سەدەیە وروژێنراوە، واتە هەر لەو كاتەوەی، كە بەشێوەیەكی رێكخراو رووداوەكانی مێژوو نووسراوەتەوەو وایلێكردوون، كەپرسیار دەربارەی سروشتی مێژوو بكەن( حسین، 2012، ل 29-30).

كەواتە مێژوو پێگەیەكی جیاكراوەو مەترسیدار بۆ زانستە مرۆڤایەتیەكانی تر پێكدەهێنێت، پاشخانێك و خاكێك و نیشتمانێكی پێدەبەخشێت، كە دەیچەسپێنیت و بواری رۆشنبیری و سنووری بۆ دادەنێت، یاخود رووداوی زەمەنی یا ئینتمای جوگرافی، كە دە توانرێت دان بەرەوا بوونی ئەو مەعریفەیە بنرێت، بەڵام سنوورێك لەدەوری هەموویان دروست دەكات، كە پێشوەختە نەزعەی گشتگیری لا رەتدەكاتەوە، وادێتە بەرچاو، كەمرۆڤ هەمیشە هەتاوەكو پێش ئەوەی دركیش پێبكات، ملكەچی دەكات بۆ سنووردار كردنەكان، كە سایكۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیاو شیكردنەوەی زمانەكان دەتوانێت بەدیاریبخا، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتێكی نازەمەنی مەعریفە نیە، كە مێژووی نەبێت، بەلایەنی كەمر لەسەر ئاستی مافەكانیدا، هەتاوەكو ئەگەر زانستە مرۆڤایەتیەكان خۆی لەهەموو ئاماژەیەك بۆ مێژوو بەدوور بگرێت(ئەو كاتە دەتوانرێت مێژووشیان بخرێتە پاڵ)، هەموو ئەوەی دەیكات ئەوەیە، كە پەیوەندی لەنێوان دووتوێژی و دوو رۆشنبیری دروست دەكات(ئەوەی كردوویەتیە بابەتێك بۆ خۆی، ئەوەش كەلەناوەوەی خۆی و لەبوون و شێوەی بوونەكەیدا رەگی داكوتاوە، (میتۆدو چەمكەكانی)، ئەگەر زانستە مرۆڤایەتیەكان لەسەر هاوكات بوونی تایبەتی خۆی پراكتیزە كرا، ئە وەرووداوە رۆشنبیریەكەیە، كە سەرچاوەی لێگرتووە، دەیگەڕێنێـەوە بۆ خۆی، ئەمەیە رێگا لەمرۆڤ دەگرێت، كە تەنیا لەدۆخێكدا دەربكەوێت، بەبێئەوەی ئەمەسنووردرابكرێت، بە بێ سنووردارکردنی مێژوو( فوكو، 1989-1990، ل303).

(نیچە) وایدەبینێت، كە هەوڵدان بۆ ئەوەی مێژوو بكرێتە نمونەیەك بۆ زانست، وەك راڤەكردنێكی ترسناكە بۆ رۆڵی مێژوونووس، بە بۆچوونی (نیچە) ئەمر چەمكەبۆ مێژوو، ئەو رۆڵە دەشێوێنێت، كە مێژوو لەپێكهێنانی میتودێكی هاوبەش و رۆشنبیریەك كەتوانای ژیانی هەبێت بینیویەتی! هەر بۆیە بەتوندی رەخنە لەمێژوونووسە ئەكادیمیستەكان دەگرێت، كە بەشێوەیە كی توند پێوەرە زانستیەكان لەمێژوو پەیرەو دەكەن و بەمەش ئەركە رۆشنبیریەكانی مێژوونووسەكان پووچەڵ دەكەنەوە!" ئەو ئە كادیمیستانە وەكو بنەماڵەیەكی خەسێنراون، دیارە بۆ كەسی خەسێنراویش هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئافرەتەكاندا نیە، چونكە ناتوانێت لەهیچ ئافرەتێك نزیك بێتەوە! بۆیە تاوەكو مێژوو خۆی بەشێوەیەكی بابەتیانە مایەوەو پابەند بوو بەپێوەرەتەندروستەكان، گرنگ نیە ئەو ئەكادیمیستانە چی دەڵێن، ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو بەو دۆخە بهێڵنەوە خۆیان ناتوانن مێژوو دروست بكەن، لەبە رئەوەی كەسێكی خەسێنراو هەرگیز ناتوانێت سەرنجت رابكێشێت، بۆیە تۆ بۆلای خۆتی رادەكێشیت!(نیچە) ناوی لەمە ناوە(نە خۆشی مێژوو) "كەلەسەردەمی نوێدا تووشی مرۆڤ دەبێت و لەهەموو هێزە زیندووەكانی پووچەڵی دەكاتەوەو بەیادداتێكی سڕ بوو بارگرانی دەكات، (نیچە)دەڵێت:" مرۆڤی مێژوویی بەهەموو واتاكانی وشەوەك ئەو كەسەیە، كە بەزۆر خەوی لێ حەرامر كراوە، هزرمەندی مێژوویی بەتوندی حوكمی ئەوەی بەسەردراوە، كە لەهەموو شوێنێك، دۆخێكی گونجاوو لەبار دەبینێت و لەكۆتایدا هە رگیز زاتی ئەوەناكات بیرو بۆچوونەكانی خۆی دەربڕێت"، (نیچە) پێ لەسەرئەوەدادەگرێت، كە پێویستە وا لەمێژوو بكەین سوودی بۆ ژیان هەبێت، ئەمەش پەیوەستە بەوەی، كە خۆمان فێر بكەین بەشێوەیەكی نامێژوویی بژین، بەرێگایەك، كە مێژوو رەتبكات،. .. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، كەمێژوو بۆمان روون بكاتەوەكەی و چۆن واز لەباری ماندووكەری هوشیاری مێژوویی بێنین، تاوەكو هەست بەچێژی ژیان بكەین و لەكاتی ئێستادا كاری مەزن ئەنجامر بدەین، ئەگەر بێتوو هەر پێویست بێت، كە مێژوو خزمەتی ژیان بكات، پێویستە بە هەموو رەگەزەكانی ئەو بیركردنەوەیەی، كە تیایدایە بیكەینە هونەرێك! لەمەشدا بەرپرسیاریەتی سەرەكی دەكە وێتە ئەستۆی مێژوونووس بۆ كردنەوەی دەروازەی گفتوگۆیەكی رۆشنبیریە بۆ هەموو كۆمەڵگا( كوسكا ) : www.alwasatnewsws/205410.html، ئەمر بۆچوونە بۆتە سۆنگەی ئەوەی، كە بەشێكی تر مێژوو وەك هونەر ببینن و پێیان وابێت، كە هونەری مێژوو هونەرێكە رەوگەیەكی ئازیزو پڕ سوودی هەیەو ئامانجی پاكە، لەسەر كاودانی نەتەوە جیاوازەكان و ژیاننامەی پێغەمبەرەكان و پاشاو دەوڵەت و سیاسەتەكانیان لەرابردوودا دەمانوەستێنێت، بۆ ئەوەی ئەوەی پێی باش بوو شوێن

پێیان هەڵگرێت، ( ابن خلدون، 2004، ل92)، واتەهونەرێکە لە داکەوتەکانی زەمەن، لەرووی دیاریکردن و کات دانانەوەوە، لەوە دەتوێژێتەوە، کە لەجیهاندا هەیە( روزنثال، 1986، ل19).

مەرجی یەکەم بۆ بوونی زانستی مێژوو ئەوەیە، کە(من خۆم بوونەوەرێکی مێژوویم)، ئەو کەسەی لەمێژوودا دەتوێژێتەوە، ئەو کەسەیە، کە مێژوو دروست دەکات، گونجاندن لەنێوان خودو بابەت، واتە خودی مێژوونووس و ئەو بابەتەی دەینووسێتەوە، وادە کات توانای بوونی مەعریفەیەکی مێژوویی لە ئارادا بێت"(غادامیر، 2007، ل316). بابەتی بوونی مێژوویش، زیاتر پشت بە بەراوردکاریەوە دەبەستێت نەوەك توانای گەیشتن بە رابردوویەکی دیاریکراو، .. بەکورتی سەرباری ئەوەی ئێمە ناتوانین بگەینەراستە قینە مێژووییەکان وەك راستەقینەیەکی راستەوخۆی کاتی ئێستا، بەڵام دەتوانین بگەینە مەعریفەی رابردوویێك، کە نا ئەقڵمەندانەو ناسۆنگەییە..( Bevier, www.jstor.org:p.329).

**باسی سێیەم:**

**خوێندنەوەیەکی تر بۆ سروشتی مێژوو**

پێداگرتن لەسەر سیفەتی زانستی بوونی بوارێك لەبوارەکانی مەعریفە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی ئە زموونگەری، یاخود لەگەڵ بڵاوبووونەوەی تیووری ماتریالیزمی مێژوویی، لەرووی دیاریکردنی ئامانج، کە گەیشتنە بە راستەقینەچە سپاوەکان و راستیەکان، لەپرۆسەیەکی ئاشکراکردنی یاسا چەسپاوەکانی گەشەسەندنی مێژوویی، بەهەند وەرگیرا، زانستی بوونی مێژوو بیانووی خۆی لەزێدەڕۆییەکی سادەکراوەوە وەردەگرت، کەزانست توانای هەیە لەئایندەیەکی نزیکدا نهێنیەکانی گەردوون ئاشکرا بکات، لەگەڵ بڕوابوون بەحەتمیەتی پراکتیزەکردنی یاسا سروشتیە دۆزراوەکان، لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا لەئێستاو رابردوویدا، لێرەدا لای هەندێك، لەیەك چواندنێك هاتە ئارا لەنێوان زانستی مێژوو و زانستە سروشتیەکان، ئەو باوەڕبوونەش شە پۆڵێکی نارەزایەتی وروژاند دژی ئەوەی، کەسیفەتی زانستی بدرێتە پاڵ توێژینەوەی زانستی، ئەمەش بەهۆی ئاستەنگ بوونی ملکە چکردنی داکەوتەکانی رابردوو، کە تەنیا کەرت و پارچەی کەم لەشوێنەوارەکەی لەبەردەست دایە، بخرێتەژێر تاقیکردنەوەو ئەزموون و تەماشاکردن! پێیان وابوو، کە ئەو تاقیکردنەوانەی زانستە سروشتیەکان بەکاریان دەهێنا بۆ گەیشتن بەگشتگیرکردنی یاساکان، لە توێژینەوەی مێژوویدا ناکرێت، بەهۆی کەمی ئەو شوێنەوارانەی، کە لەرابردوودا بەجێ مابوو لەلایەك، لەلایەکی تر بەهۆی ئاستە نگ بوونی خودی ئەو کاودانەی، کە لەگەڵ رووداوە داکەوتەکاندا هەبوو، بۆ ئەوەی لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا سەیر بکرێت! ئە و دوورخستنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بڵێین مێژوو تەنیا رەگەزێکە لەرێکەوتەکان، یاخود لە داکەوتە لاتەریکەکان، یاخود برێك بێت لەچەسپاندنی هێزە ئەندێشەییەکان، وەك ئەوەی لەمیتۆلۆجیاکانی شارستانیەتە کۆنەکاندا هەیە، یاخود هاتەدی ئاگالێبوونی خواوەند(العنایەالالهیە)، وەك ئەوەی ئۆگستین باوەڕی پێی هەبوو و مێژووی چاخە ناوەڕاستەکانیش مۆرکی ئەو بۆچوونەیان وە رگرت، یاخود رەتکردنەوەی ویستی مرۆڤ و رۆڵی فاکتەرە پۆزەتیڤیەکانی ترە، وەك بینینی فەلسەفەی جەبر لەمێژووی شارستانیەتی ئیسلامی، بەواتایەکی تر هەرگیز ناکرێت یاسای میتۆدێك دابنرێت بۆ داکەوتەو رێکەوتەکان لەسیستەماتیکێکی سۆنگەیی، کەبشێت ملکەچ بکات بۆ راڤەکردنی ئاوەز؟(الکوثرانی، 2013، ل391-392).

لەنێوان نەتوانینی بەکارهێنانی رێگاکانی زانستەفیزیکیەکان لەتوێژینەوەمێژووییەکان لەلایەك و زێدەڕۆیی و شانازیکردن بەدۆزینەوەی یاسای مێژووی چەسپاوو هاوشێوەی یاسا سروشتیەکان لەلایەکی تر، هەڵویستێکی میانڕەو سەری هەڵداو لەدایك بوو، ئەویش گەیشتن بوو بەو سەرئەنجامەی، کەتوێژنەوەی مێژوویی داڕشتنێکی ئەدەبی نیە، چیرۆکێکی کاریگەری مێژوو بگێڕێتەوە ، ئەندێشەی نووسەر کاری خۆی تیا بکات و چێژی خوێنەر بەرووداوی کت و پڕو سەرسوڕهێنەر بوروژێنێت، بانگەشەی ئەوەش نە کات، کە لەپەنای توێژینەوەی مێژوویدا بگاتە یاسایەکی چەسپاوو لەنێوان ئاوەزی توێژەرو دەقەکەیدا وێنەکەی بکێشێت، ماوەی نێوان گریمانەو یاسا ، یاخود لەنێوان ئەگەرو یەقیندا کورت بکاتەوە(الکوثرانی، 2013، ل391-392).

ئەو گۆڕانکاریانەی، لەسەدەی حەڤدەهەمەوە بەسەر زانستی سروشتی داهات، کاریگەریان لەسەر زانستە مرۆڤایەتیەکانیش هەبوو، کە دەتوانین ئەو رەنگدانەوەیە لەچەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

1- میتۆدی زانست: کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارە لە داکەوتەی مێژوویی، بەمەبەستی گەیشتن بەحوکمێکی گشتگیر(کلی) وەك ئە وەی لە زانستە سروشتیەکاندا هەیە.
2- ئامانجی زانست: ئامانجێکی پراگماتیکی هەیە لەسروشتدا، ئامادەکردنی سروشت لەپێناو مرۆڤدا، هەرچی لەمێژووە ئامانجەکە ئەوەیە، کە هەندێك ئەحکام ببەخشیە مرۆڤ بۆ ئەوەی توانای ئەوەی پێ ببەخشێت لەژێر رۆشنایی ئەزموونەکانی رابردوو لە واتای رووداوەکان ئێستا تێبگات، بگرە رۆشنایش بخاتەسەر دوارۆژ.
3- سەربەخۆیی زانست لەئاین، ئامانجی زانست خزمەتکردنی لاهوت نەبوو، کە ئەمەرەنگدانەوەی لەسەر مێژووشدا هەبوو، مێژوونووسان روانگەی کۆتایی دنیایان دوورخستەوە، کە ئامانجی مێژوو دەخاتە دەرەوەی چوارچێوەی جیهان و دەیخاتەجیهانە

کەی تر، ئامانجی ڕیڕەوی مێژوو خرایە چوارچێوەی ئەم دنیایەوە، هەروەها مێژوو بووە نوێنەری کرداری مرۆڤەکان نەك هێزێکی نادیار(صبحی، 1975، ل12).

بەشێوەیەکی گشتی، مێژوو پەیوەندیەکی پتەوی بەزانستە مرۆڤایەتیەکانی ترەوەهەیە، لەوانە کۆمەڵناسی، زانستە سیاسیەکان، زانای مێژوو، کۆمەڵناسی، وەکو سروشت کەڕو لاڵ نیە، بەڵکو ئەو گفتوگۆ دەکات و وەڵام دەداتەوە، ئێمەش لەناخەوە درکی پێدە کەین، ، بەتەنیا لەدرك پێکردنیشدا نا، بەڵکو لەتێبینیەکانمان لەسەر خودی خۆماندا درکی پێدەکەین. بەم چەشنە ئێمە بە گەرمی بە دوای ڕووداوەکاندا دادەچین، بەتەنیا ناتوانین ببینە گەواهیدەرێکی دەرەکی، لەبەرئەوەی ئەو رابردووەی لەسەری دەنووسین لەئێمە وە دروست دەبێت، ئەو خودی ژیانی خۆمانە، لەکۆتایدا، گەشەسەندنی ئەو زانستانە هەرگیز بە گەشەسەندنی زانستە سروشتیەکان بەراورد ناکرێت ، ئەو لەو راستەقینەیە دەردەچێت، کە توێژینەوەی لەسەر دەکەین، بابەتەکەی بەبڕی ئەوەی گەشە دەکات فراوان دەبێت، بەشێك لەو پێشکەوتنەش بەلایەنی کەم دەوەستێتە سەر بواری تێبینیەکانی خۆی. کاتێك ئەرەستۆ تیووری شێوەکانی فە رمانڕەوایی دانا، جگە لەمێژووی شارەکانی گریك هیچ کەرەستەیەکی تری لە بەردەست نەبوو، هەرچی زانستی ئێمەیە ئەوە بیست سەدە دوای ئەوە(ئەمەئەگەر بێتوو نەچینەسەر ئەو شارستانیەتانەی کەدوورترن لەرووی کات و شوێنەوە)، ئەم زانستانەش هە موویان، بەر لەهەموو شتێك دەربڕینێکی کۆمەڵگان، بەشێکی زۆریان لەئەنجامی پیادەکردندا هاتوونە تەئارا، بۆ نمونە یاسادانان بەر لەوەی بببێتەزانستێکی یاسایی، هونەرێکی کۆمەڵایەتی بوو، ئەو پرسیارە رەخنەییەی ئاراستەی ئەو زانستانەدەکرێت ئەوەیەکە:ئایا ئەو زانستە واتاییانە هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەن، کەلەراستەقینەی مێژوویدا رەگ دابکوتن، بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی بابەتەکەیان بکەن؟( ارون، 1999، ل35).

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم کاتێك زانست بەسەرکەوتوویی بەشداری لەمەعریفەی مرۆڤ بەجیهان و سیفەتەجەستەییە کانی تایبەت بەخۆی کرد، ئەوەی خستەروو کەئایا زانست دەتوانێت مرۆڤ لەناو کۆمەڵگا زیاتر بناسێت؟ بەم چەشنەچەمکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و مێژووش لەنێویاندا زیاتر بەپێشکەوت لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەمان میتۆدی توێژینەوەی زانستی بۆ زانستە سروشتیەکان، لەتوێژینەوەلەکاروبارەمرۆڤایەتیەکان بەکارهات، بەشی یەکەم لەم قۆناغەبەبیربۆچوونەکانی (نیوتن) دەستی پێکرد، کەبەهەمان شێوەی سروشت وەکو ماشێنێك بیری لەکۆمەڵگا کردەوە، هەروەها (هربرت سبنسر) بەهەمان شێوەکاتێك لەساڵی (1951) کتێبێکی بەناوی(سەرژمێری کۆمەڵناسی) بڵاوکردەوە، (برتراند راسل) دواتر هیوای ئەوەی خواست، کەماتماتیکی رەفتارەکانی مرۆڤ وەکو ماتماتیکی ئامێرەکان ورد بێت، پاشان (داروین) شۆڕشێکی زانستی هەڵگیرساند، دوای ئەوەهەوڵی ئەوەدرا کە، مێژوو بکرێتەزانست، یاخود وەکو زانستێك سەیر بکرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بابەتەکانی زانست بەچەسپاوی و نەمری نەمایەوەو لە گەڵ پێشکەوتنەکان بەپێش دەکەوت و گۆڕانکاریان بەسەر داهات، بەهەمان شێوەپێشکەوتن لەمێژووش دەهاتەئارا، کار لەیەکەم وانەیدا باسی ئەوەی کرد، کەلەپڕۆسەی نووسینەوەی مێژوو سەرەتا زانیاریەکان کۆدەکرێتەوەو دواتر راڤەدەکرێت، کەئەمەش گریمانەیەك بوو بەبێ پرسیارکردن، ئەمەش بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستیە، دواتر (Bury) پێناسەی مێژووی بەوەکرد، کە" مێژوو زانستە نە زیادو نەکەم )"( Carr: http://trfa.org.uk: P.58 ).

زانستی مێژوو، گەڕاندنەوەیە بۆ شتێکی گشتگیرو پەیوەندی بەگۆڕانێکەوە هەیە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، جا ئەو کۆمەڵە گۆڕانکاریە چۆن لەئاوەزێکی تاکدا دادەمەزرێت؟ پێویستە بزانین کەوا جیهان لێرەدا بوونەوەرێکی زیندووە، ئەو تاکەی بیر لە رابردوو دەکاتەوە، ئەویش کۆمەڵێکی زیندووە، جا ئەو تاکە چۆن ئەوەی بۆ دەڕەخسێت، کەسنووری خۆی تێپەڕێنێت، بۆئەوەی نوێنەرایەتی شتێکی جیهانی بکات؟ ئێمەهەرگیز ناتوانین لەمێژوو تێبگەین ئەگەر وەك مەشقێك بۆ زیرەکی سەیرمان کرد، چونکە زانست وەزیفەیەکە لەوەزیفەکانی ژیان و هەوڵدەدا لەخۆی تێبگات، دواتر بە شێوەیەك لە ئێستادا رۆدەچێت، کە لەگەڵیدا هەموو رابردوو لە باوەش دەگرێت، مرۆڤ بۆیە مێژوو دادەمەزرێنێت، چونکە خۆی بوونەوەرێکی مێژووییە،. .. ئەمە سەرباری ئەوەی مێژوو وەك ئامرازێك بەکاردەهێنێت بۆ چەسپاندنی پێگەو مانەوەی خۆی، مرۆڤ بەردەوام لەحالەتی گۆڕاندایە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، واتە لەبەرئەوەی هەمیشە لەگۆڕاندایە، کەواتە بوونەوەرێکی مێژووییە، دواتر ئەو مێژووییە لەبەر ئەوەی لەناو شتەکانی رابردوودا دەژیت، ئەوکاتە پێکدێت، کە دەبێتە خاوەنی ئەو دەستکەوتە مرۆڤایەتیانەی، کەسروشت بۆی پاراستووەو بۆی گواستۆتە وە. ئەو بەزمانێك داخێوی، چەمکەکان بەکاردەهێنێت، کە مێژوو درووستیان کردووە، لەو خاڵەدایە، کە سیستەمی رۆشنبیری و کۆمە ڵایەتی جێگای خۆی دەگرێت( ارون، فلسفە، 1999، ل85).

مێژوو بەتەنیا پشت بە(خەملاندنی نزیکەیی- التخمين التقريبى) نابەستێت، هەندێك بوار هەیە، کە بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە ناتوانین جگە لەپەناردن بۆ خەملاندن هیچی تر بکەین، لەهەندێك بواری تردا خەملاندن یاخود شیکردنەوەی وێناکاری(التفسير التصوری) پراکتیزەکردنێکی هونەری گونجاو دەبێت و بەکاری دەهێنن( راوس، 1968، ل93) بەڵام ئاشکرایە، کە لەکاتی ئێستادا بە هۆی پشت بەستن بەداتاکانەوەو زۆری ئەو بەڵگەنامانەی دەکەونە بەردەست، مێژوو زیاتر لە وێناکاری دوور دەکەویتەوەو لەزانست نزیك دەبێتەوە، بەتایبەتیش دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان خودی مێژووەکە خۆی، لەگەڵ ئەو خوێندنەوەو شیکاریانەی بۆ ئەو مێژووە دەکرێت، کێشەکان زیاتر لەخاڵی دووەمەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش بابەتێکی ترە، شیکردنەوەی مێژوویی زۆر جیاوازە

لەگەڵ خودی مێژووەکە خۆی، رووداوەکان چەسپاون، بەڵام شیکردنەوەکان دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەرەوە، هەر لە ئایدۆلۆژیاوە بگرە تا دەگاتە ئەو وەهمە و پۆتۆپیانەی تێکەڵ بەمێژوو دەکرێن، لێرەدا تێبینی ئەوەدەکرێت، کە زاناکانی رۆژئاوا بایەخێکی زۆر بە توێژینەوەی مێژوویی دەدەن و هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ئەو توێژینەواە مێژووییانە بکەنە زانستێکی سەربە خۆ، کە مەرجەکانی بوون بەزانستی تێدابێت، ئەمە بیرۆکەیەش تارادەیەك لەسەرهەڵدانی نەتەوەکان و دەوڵەتە گەورەکان لەئەوروپا لەسەدەی هەژدەهەمە و نۆزدەهەمدا سەرچاوە دەگرێت.

ئاشکرایە، کە ئەو نەوانەی ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆریانەیان دامەزراند، هەستیان بەپێویستی زانینی رابردوو کرد بۆئەوەی رێگایان بۆ رۆشن بکاتەوە، ئەمەش وایکرد زۆر لەزانایان خۆیان سەرقاڵی توێژینەوەی مێژوویی بکەن، دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کەرابردوو بۆ خودی خۆی توێژینەوەی لەسەر ناکرێت، بەڵکو لە پێناو ئێستاو بۆ داهاتووشدا ئەو توێژینەوانە ئەنجام دەدرێن! لەمەدا بۆمان روونده‌بێتەوە، کە نووسینەوەی مێژوو گفتوگۆیەکی بەردەوامە لە نێوان سەردەمی ئێمەو سەردەمەکانی تر( مۆنس، 2001، ل47). بۆیە لەسەر مێژوونووس پێویستە ئەو کەرەستانەبچنێت و کۆبکاتەوە، کە کۆمەڵناس هەنگوینەکەی خۆی لێبە رهەم دەهێنێت:"مێژوو ناتوانێت ببێتە زانست ئەگەر هاتوو بەرزتر نەبێتەوە لەو شتانەی کەوا پەیوەندیان بەتاکەوە هەیە، کاتێك ئە مەش ئەنجام دەدات، بوونی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتەلقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی" ئەو مێژوونووسەی، کەوا نیشان دەدات، ئەو هارمۆنەتیزەو بەراوردی مێژوو دەکات، لەراستیدا دەبێتە زانایەکی کۆمەڵناسی و مێژووش دەبێتە ئاوەڵواتایەکی کۆمەڵناسی!( دوس، 2009، ل45).

(فرانسوا سیمیان) لەساڵی (1903) بەردێکی گەورەی هەڵدایە ناو ئاوە وەستاوەکە، داوای لەمێژوونووسان کرد خۆیان لەو پەرتەوازەییە رزگار بکەن و خۆیان نوێ بکەنەوە، لەمەدا پشتی بەوێنەی مەجازی (بیکۆن) بەست (بتەکانی هۆزی مێژوونووسان)، کە ژمارەیان سێ بتەو هەمووشیان بێسوودن، یەکەمیان: بتی سیاسی: واتەتوێژینەوەی هەژموونکار(باڵادەست) دووەمیان: بتی تاکگە رایی: یاخود ئەو نەریتە چەسپاوە لەتێگەیشتنی مێژوو بەوەی، کەمێژووی تاکەکانە. :بتی زنجیرەیی مێژووە، واتە بزربوون لەگەڕان بە دوای بنەماکاندا، کە ئەمەش بەروونی گومان دەخاتەسەر تواناکانی زانستی مێژوو! کەوەك رێگایەکی پۆزەتیڤانەی مەعریفەپێکبێت( دوس، 2009، ل49).

مێژوونووسەکان بەشێوەیەکی گشتی بەو رایە وەردەگرن، کەدەڵێت کۆمەڵناسی وەکو زانستی سروشت لقێکە لە لقەکانی مەعریفە، ئامانجی ئەوەیە، لایەنی تیوری و لایەنی ئەزموونگەری لەیەك کاتدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە، کاتێك دەڵێین سۆسیۆلۆژی سیستەماتیکێکی تیوریە، مەبەستمان شیکردنەوەی رووداوەکان و پێشبینیکردنیەتی، بەهۆی تیورەکان یاخود بەهۆی یاسا کۆگیرەکانە وە(الكلیە) (کەهەوڵدەدات ئاشکرایان بکات)، کاتێکیش سۆسیۆلۆژی بەوە وەسف دەکەین، کەئەزموونگەریە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە پاڵپشتێکی لەتاقیکردنەوەدا هەیە، بەهۆی ئەو رووداوانەی، کە راڤەی دەکات و پێشبینی بۆ دەکات، دەتوانرێت داکەوتەکان ببینرێت، تەماشاکردن ئەو بنەمایەیە، کە پشتی پێدەبەستین بۆ قبوولکردن یاخود رەتکردنەوەی هەر تیورێك لەتیورەکانیدا( پوپر، 1959، ل49). بەڵام ئەگەر هاتوو ئێستامان لەمێژوو وەدەرنا، چۆن رووداوەکان لەبواری راڤەکردنی مێژوویدا دەسەلمێنین! خۆ رووداوەکانی رابردوو بکەرەکانیان نەماوەو ناتوانین سەیریان بکەین، چۆن دەتوانین سەرلەنوێ راڤەیان بکەینەوە؟! رەنگ بێت هە ندێك بڵێن، ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامێرەکانی تۆمارکردنەوە ئەو کارە ئاسانتر بووبێت و دەتوانین لەرێگای ئەرشیف کردنەوە سەیری ئەو رووداوانە بکەین، کە دوێنی روویانداوە، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبێت درك بەوە بکەین، کە ئەو رووداوانە وێنە دەگوازنەوە نەك ژیانەکە خۆی … وێنەکان هەرگیز ناتوانن هەمان ئەو رۆڵەبگێرن، کەسەیرکردنێکی زیندوو راستەوخۆ دەیگێرێ،ت چونکە جگە پرۆسەی بینینەکە بەتەنیا، فاکتەری تریش تێکەڵ بە پرۆسەی سەیرکردنەکە دەبێت. (بیاجە) ئاماژە بۆ ئەو بۆچوونە میتۆدیە دەکات، کەداوای ئەوە دەکات، کە لەرۆژئاوا ئەتیکای تەواوکاری لەنێوان مێژوو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر بێتەدی "لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ شەپۆڵێکی کامڵ بدەین، کە دەیەوێت مێژوو بکاتە زانستێك، کە بنەما بێت لەسەر دەربڕینی جەندایەتی و بە یاناتەکان، لەوانە(فرنان برودویل) و (کرۆتۆف) و (ك.گریبکس) و (لوبران) و. ..هتد، بێگومان ئەمە روانگەیەکی بە برشتە، بەڵام لەکاتی ئێستادا وا دەگەیەنێت کەوا لەمێژوو بکەین ببێتە رەهەندی گەشەسەندنی سۆسیۆلۆژی یاخود ئابووری، کە دەشێت ئەمەش ببێتە سۆنگەی ئەوەی لەئایندەدا زانستی مێژوو رەهەندێکی تر وەرگرێت و پێکهاتەیەك بێت، لەرەهەندەکانی دیالێکتیکی و هەموو زانستە مرۆڤایەتیەکانی تر بەخۆوە بگرێت.(کارل.ج) ئەوە دەخاتە روو، کە ئەو تێکەڵاویەی لەنێوان مێژوو زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیە یاریدەرەکانی تردا هەیە، لەگۆشەی پێویستی میتۆدیەوە بۆ تێروانینی هزری، کە ئەمەیارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی راستەقینە مێژووییەکان، لەو بارەیەوەگوتی:"بایەخی زانستێکی یاریدەر بەرابردوو هۆیەکەی ئەوە نیە، کەتێپەڕیوە، یاخود پەیوەندیەکی دیاریکراوی بەئێستاوە هەیە، بەڵکو هۆیەکەی بۆ بایەخی بابەتەکە دەگەڕێتەوە لەبوارێکی رۆشنبیری دیاریکراودا، هەرچی بەگوێرەی مێژوونووسە، بواری بایەخی سەرەکی ئەو کۆنەو لەرابردوودایە، بەڵام لەبەرئەوەی مێژوونووس ناتوانێت بەبێ ئامرازی هزری و پرۆسەی هاوچەرخەوە، کەرەستەکەی خۆی پێکەوەبنێ و رێکیبخاتەوە، لەبەرئەوەی زانستە کۆمەڵایە

تیەكان تەنیا لەزەمەنی ئێستادا دەتوانێت دیاردە كۆمەڵایەتیەكان بگرێتەخۆ، بۆیە پێویستی بەمێژوو هەیە، هەروەك چۆن زانستی مێژوو خۆی پێویستی پێیەتی(الكوثرانی، 2013، ل387).

هەندێك دەڵێن مێژوو زانستەو زانستیش وێناكردنێكی مێژووە، بۆیە بۆ ئەوەی روانگەی مێژوو بزانین دەبێت هەموو بە رامبەر یەكترەكان بەیەكەوە ببینین، زەمەن بخەینە بەرامبەر تا هەتایی(ئەزەل)، تایبەت بەرامبەر بە گشتی، رووخسار بەرامبەر ناوەڕۆك، رێكەوت بەرامبەر پێداویستی، واقع بەرامبەر نمونە، تاك بەرامبەر كۆمەڵ، لێرەدا بەروونی دەبینین، كە پێگەی مێژوو لە كوێیەو پێگەی فەلسەفەو كۆمەڵناسی و فیزیك لەكوێیە.بەم چەشنە دەتوانرێت دیاربكرێت و پێناسەكرێت، هاوكات هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت و حوكمی لەسەر بدرێت( العروی، 2005، ل58)، بەشێك پێیان وایەبۆ چاەسەری ئەو ئەژواریەپێویستەپەنا بۆنزیك بوونە وەی مێژوو لەزانستەمرۆڤایەتیەكانی تر ببرێت، بۆنمونەگفتوگۆ دەربارەی بایەخی تیووری پێشكەوتن بۆ مێژوو و مێژوونووس، بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەمانگەیەنێتەگفتوگۆ لەسەر پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیاو زانستی مێژوو، بەتایبەتیش قوتابخانەی كرۆنۆلۆژی و قۆتابخانەی مێژووی نوێ، بۆیە(ماری المر بارنز) دەڵێت"ئەترۆپۆلۆژیا مێژووی تەواوی مرۆڤە، كەبیرۆكەی پێشكەوتن پاڵپشتی دەكات، ئەوپەڕی ئامانجی بابەتی مێژوو، توێژینەوەیەلەگەشەسەندنی مرۆڤ" بۆیەدەڵێن لەسەر مێژوو پێویستەهەڵبژێرێت، كەیا ببێتە ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی یاخود هیچ نەبێت(السعیدی: www.aljabriabed.net )، مێژوونووس بەخۆی هەڵناسێت بە دابینكردنی كەرەستەی پێداویستی پێویست بۆ مێژوو، بەڵكو ئەو لە رێگای تێبینی كردنەوە، وەك ئەوەی لە هەموو زانستەكانی تردا هەیە، لە سەر داكەوتەیەك كار دەكات، كە خەڵكی تر بەر لەو بینیویانەو گواستویانەتەوە، مەعریفەش لەمێژوو، وەك هەموو زانستە كانی تر بە شێوەیەكی راستەوخۆ بەدەست ناهێنرێت، بەڵكو بەشێوەیەكی ناراستەوخۆیە، مێژوو زانستێك لەزانستەكانی تێبینی كردن نیە وەك دەگوترێت، بەڵكومێژوو زانستی سەلماندنە( بوس، 1981، ل 248).

مێژوو رەگەزێكە، كە هەرگیز ناتوانین دەست بەرداری بین بۆ تەواوكردنی زانستە سیاسیەكان و كۆمەڵایەتیەكان، كە تا ئێستا لەقۆناغی دروست بووندان، لەبەرئەوەی تێبینی راستەوخۆ بۆ دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، (لەحالەتی ستاتیكیدا) بەس نیە بۆ بنیاتنانی ئەو زانستانە، بەڵكو پێویستە توێژینەوەی گەشەسەندنی ئەو دیاردانەشی بخرێتە سەر كە لەزەمەندا ئەنجام دەدرێن، واتە مێژووەكەشی، خۆی ئەمەش ئەوەیە، كە هەموو زانستە مرۆڤایەتیەكان(زانستی زمان، یاسا، زانستی ئاینەكان، ئابووری، سیاسی، ..هتد) لە سەدەی بیستەمدا وێنەی زانستە مێژووییەكانیان وەرگرتبووەوە( بوس، 1981، ل 251).

دەتوانین بڵێین دروشمی مێژوونووسە پۆزەتیڤیستەكان، كە دەڵێن مێژوو وەك زانستێكی تری ئەزموونگەری ورد، زانستێكی پوختە، دروشمێك بوو زۆر سوودی بۆ زانستی مێژوو هەبووە، هەرەچەندە لەسەر ئەوەش رەخنەی لێگیراوە، بولام ئەمە بووە سۆنگەی ئەوەی، كە مێژوو بەویژدانەوەو بە وردیەوە مامەڵە لەگەڵ میتۆدی بوون بكات، توندو رەق بێت لەكۆكردنەوەی سەرچاوە نووسراوەكان و لەلایەنی ناوەڕۆك و رووخسارەوە رەخنەیان لێبگرێت، لێرەدا لێكۆڵینەوەكانی مێژوونووس وەك لێكۆڵینەوەی دادوە رێكە، كە هەموو تواناكانی خۆی بەكاردەهێنێت بۆ ئەوەی بەر لەوەی حوكم لەسەر تاوانبار بدات بەڵگەكان كۆبكاتەوە، ئەو میتۆدی بوونە گرنگی خۆی نواند، بۆ نمونە لە كێشەی بەناوبانگی دریفوس (DREYFUS)لە فەرەنسا، ئەوانەی باوەڕیان بەبێتاوانی ئەو ئەفسە رە جولەكەیە هەبوو لەو تۆمەتەی درابووە پاڵی، تۆمەتی خیانەتی مەزن بۆ بەرژەوەندی ئەڵمانەكان، لەرێگای رەخنەگرتن لە ناوەڕۆك رووخساری ئەو دۆكیۆمێنتانەی، كە لە لایەن ئەوانەی دژی جوولەكە بوون و بۆ تاوانباركردنی (دریفۆس) پشتیان پێدەبە ستا، توانیان بێتاوانی ئەو تۆمەتباركراوە بسەلمێنن، (التمیمی، 2013، ل93).

شۆڕشی (DNA) قۆناغێكی تری لەتێگەیشتن لەمێژوو هێنایە ئاراوە، هاوكات پێویستی بەمیتۆدێكی تایبەتی مێژوویی هەبوو بۆ توێژینەوە لە پێشكەوتنی رەگەزی مرۆیی، چوارچێویەكی ئەقڵانیشی بۆ مێژووی جیهان خستە بەردەست، واتەپرۆسەیەكی مێژوویی، كەهەموو جیهان و بەهەموو ئاڵۆزیەكانیەوە، وەك یەكەیەك بۆ توێژینەوەی مێژوویی وەردەگرێت، نەك بەتەنیا چوارچێوە یەكی سنووردار، یاخود ناوچەیەكی دیاریكراو، بەواتایەكی تر مێژوو بەردەوامی پێشكەوتنی بایۆلۆژی (مرۆڤی ئاوەزمەند) دەبێت بە ئامرازو رێگای تر،. .. بەكورتی بایۆلۆژی نوێ لەو گفتوگۆیەناڕاستەمان رزگار دەكات دەربارەی ئەوەی كەئایا مێژوو زانستە یاخود نا!؟ بێگومان ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لەیەكتر نزیك كردنەوەیەكی بنەڕەتی بۆ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، كە زاناكانی شوێنەوارو توێژە رانی قۆناغی پێش مێژوو باسیان كردووەو پشت بەشێوەكانی كار لەیەكتركردن لەنێوان رەگەزەكانی مرۆڤ و دەوروبەرەكەی دەبە ستێت، سەرباری ئەو پرۆسە تەحەكوم پێكردنەی، كەدەوروبەرەكە دەیسەپێنێت، ئەمەش بەشێوەیەكی بنەڕەتی ئەو پرسیارانە دەگە ڕێنێتەوە، كە (كارل ماركس) وروژاندی، (شێوەكانی بەرهەم هێنان)، یاخود هەر ناوێكی تری لێبنرێت، كە بنەمایەلەسەر داهێنانی گە ورە لەبواری تەكنەلۆژیای بەرهەم هێنان و پەیوەندیەكانی رێكخستنە كۆمەڵایەتیەكان، هەروەها هێزی سەربازی، ئەمانە لەكرۆكی گەشەسەندنی كۆمەڵایەتین، ئەو داهێنانانەش وەك ئەوەی (ماركس) دركی پێكرد، لەخۆیانەوە روویان نەداوەو روونادەن، هێزە مە تریالیەكان و شارستانیەكان و پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنان، كە هەرگیز ناتوانین لەیەكیان جیا بكەینەوە، كاری ئەو پیاو ئافرەتانەیە، كەمێژووی تایبەتی خۆیان دەنووسنەوە، بەڵام لە(بۆشایی) نا، واتە لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی ماتریالی نیە، لەسەرئەنجامدا روانگەی نوێ بۆ مێژوو پێویستە بمانگەیەنێتە ئەو ئامانجانەی، كە توێژەرانی مێژوو لەبەرچاوی خۆیانی دادەنێن، هەتاوەكو ئەگەر

توانای ئەوەشی نەبێت هەرگیز بەتەواوەتی بێتەدی، واتە(مێژووی کۆیی-الکلی) نەك (مێژووی گشتی-العام)، هەرگیز ناتوانرێت مێژوو وەك تەونێك دابەش بکرێت، لەکاتێکدا هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ لەنێوان خۆیاندا تێکەڵ بەیەکتر دەبن! شایەنی گوتنە بەتە نیا مارکسیستەکان ئەو ئامانجەیان لەبەرچاوی خۆیان دانەناوە، بەڵکو (فرنان برۆدویل)یش هەمان کاری ئەنجامداوە، لەو بابەتە گرنگانەی، کە ئەو بۆچوونە نوێیە دەیخاتەروو، ئەویش ئەوەیە، کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ گەشەسەندنی مێژوویی مرۆڤ، ئەوەی پەیوە ندی بەملململانێوە هەیە لەنێوان ئەو هێزانەی، کە بەرپرسن لەپرۆسەی گۆڕینی مرۆڤی ئاوەزمەند، هەر لەسەردەمی چاخی بەردینی دواییەوە تاوەکو دەگاتەچاخی ئەتۆمی، لەگەڵ ئەو هێزانەی، کە چەسپاندنی پرۆسەی نوێبوونەوەی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی یاخود دە وروبەرەکۆمەڵایەتیەکەی و سەقامگیریەکەی دەپارێزێت، ئەوانەی، کەبەدرێژایی بەشێکی زۆر لەمێژوو تارادەیەکی زۆر سەرکەوتنیان لەلاتەریك کردنی بەدەست هێناوە، ئەو مەسەلەتیووریە مەسەلەیەکی سەنتەرە، هاوسەنگی هێز بەشێوەیەکی یەکلایکەرەوە مەیلی بەلای رەوگەیەکی دیاریکراودا هەیە، ئەو کەم و کوڕیە لەهاوسەنگی هێز، کە دەشێ توانای مرۆڤ تێپەڕێنێت لەتێگەیشتن و تێپە ڕاندنی توانای تەحەکوم کردن لای دام و دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆڤایەتی(هوسباون:www.ahewar.org ). بەم چەشنە ئەگەر سەرەتا نووسینەوەی مێژوو لەکۆمەڵگایەکی بچووکەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا شێوازەکانی بیرکردنەوە لەمێژوو لەروانگەی هە مان جوگرافیاوە بووە، لەسەردەمی ئێستادا جیهانگەرایی جۆرە یەکێتیەکی لەمێژوو بینی بەرهەمهێناوە، مێژوو بابەتێکە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، وەکو هەموو زانستەمرۆڤایەتیەکانی تر، بۆیە ئەو کتێبە مێژووییانەی، کە نووسراماوە. ناشێت بۆ هەموو سەردەمێك لەبارببێت، کتیبێك نیە، کە یەکجار بنووسرێتەوەبۆ هەتا هەتایە، ئێمەهەموومان ئەوەدەزانین(برودویل، دار الکتاب الجدید المتحده، ل94).

دەتوانین گریمانەیەکی زانستی نووسراو دەربارەی مێژوو پێشکەش بکەین، دەتوانین مێژوو بکەینە زانستی ئاینەکان( لاهوت)، وا لەرابردوو بکەین هەندێك هێزی زێدەتر وەربگرێت، هەروەها دەتوانین مێژوو بکەین بەئەدەب، کۆمەڵێك چیرۆك و ئەفسانەی بێ واتاو بێ بایەخ دەربارەی رابردوو پێشکەش بکەین، مێژوو دەوەستێتەسەر روانگەی ئەو کەسانەی، کە مێژوو دەنووسنە وە، بڕوابوون بەوەی، کە ئێمە لەشوێنێکەوەهاتووین، زۆر پەیوەستە بەبڕوا بوونمان بەوەی کەبۆ کوێ دەچین؟ ئەو کۆمەڵگایەی بڕوای بە تواناکانی خۆی نامێنێت بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا پێشبکەوێت، بەخێرایی دەوەستێت و خۆی بەپێشکەوتنەکانی رابردووەوەخە ریك دەکات، کەواتەمێژوو رەنگدانەوەی روانگەکانمانە بۆ کۆمەڵگا(Carr http://trfa.org.uk:P.146) .

لەکۆتاییدا، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، مێژوو سروشتێکی تا رادەیەك گشتگیری تایبەت بەخۆی هەیە، کە هەردوو رەهە ندی مەعریفی و زانستی لەخۆوە دەگرێت، لەهەندێك رووەوە لەزانستی فیزیکی دەچێت، لەبەرئەوەی هەندێك شت هەیەوەکو یاسایەکی فیزیکی لێهاتووە، بۆ نمونە کۆتکردنی ئازادیەکان و زوڵم و زۆر چەوسانەوە، هەمیشە دەبێتە سۆنگەی تەقینەوە کۆمەڵایە تیەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشەکان، رەنگ بێت لەرووی پێگەینی زەمەنیەوە جیاوازی هەبێت لەنێوان کۆمەڵگایەك و کۆمەڵگایەکی تردا، هاوکات لەنێوان کردارو سەرئەنجامەکاندا، واتە لەنێوان زوڵم و چەوساندنەوەو شۆڕش کرندا، بەڵام ئەمە ئەو راستەقینەیە ناشارێتەوە،کە دەرئەنجامی هەموو زوڵم و چەوساندنەوەیەك هەر راپەڕین و شۆڕش کردنە، یاخود وەك (مارکس) دەڵێت: گۆڕانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبێتەهۆی گۆڕین لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، دواجاریش لەشێوازی بەرهەم هێنان، کەئەمەزۆر لەو هاوکێشە ماتماتیکیە دەچێت، کە دەڵێت(1+1=2)، هاوکات مێژوو سروشتێکی مەعریفی هەیە، لەبەرئەوەی پشت بەتێڕامان و هزرکردنەوە دەبەستێت لەکۆی ژیانی مرۆڤایەتی، لەو رووداوانەی، کەروویانداوە، لە هۆکارو سەرئەنجامی رووداوەکان، بۆ ئەوەی بتوانرێت یاسایەك بۆ هۆکاری دووبارەبوونەوەی رووداوەکان هەڵبهێنجرێت، یاخود رووداو بەئاوەزمەندی بکرێت و کار لەسەر دروستکردنی رووداو بکرێت و کۆمەڵگا بەرەو ئاڕاستەیەکی دیاریکراو ببردرێت، ئەمەیە وا دەکات، کە مێژوو جیا لە بوارەکانی تر هە ردوو رەهەندی زانست و مەعریفە بەخۆیەوە بگرێت.

**سەرئەنجام**

دەتوانین سەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەچەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە:

1- زۆرینەی هەرە زۆری پێناسەكان، مێژوو وەك ڕووداوەكانی ڕابردوو سەیر دەكەن، لەكاتێكدا مێژوو هەموو ڕەفتارەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە، چ ئەوانەی لەرابردوودا ڕوویانداوە، یاخود ئەوانەی لەكاتی ئێستادا ڕوودەدەن، یا ئەوانەی لەئایندەدا دێنە بەرهەم! لەبەرئەوەی مێژوو لەبنەڕەتدا لەروانگەی مێژوونووس دەنووسرێتەوە، كەلەئێستادا دەژی، هاوكات هیچ ڕووداوێكیش نییە نەكە وێتە ژێر كاریگەری ئەو خەونانەی، كە مرۆڤ بەئایندەوە دەیبینێت، بۆیە هەر دەقێكی مێژوویی هەر سێ ڕەگەزی ڕابردوو ئێستاو داهاتوو لە یەك كاتدا بەیەكەوە گرێدەدات، كە ئەویش كاتی ئێستایە، ئەمەش، وادەكات كە پێناسەیەكی تر بۆ مێژوو بدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە، كە مێژوو توێژینەوەیە لەرەفتارەكانی مرۆڤ، كە لەمەشدا مێژوو زیاتر لەكۆمەڵناسی و دەروونناسی نزیك دەبێتەوە، واتەئەو هێڵە ناهێڵێت، كە لەنێوان كۆمەڵناسی و مێژوو ئەنتۆلۆژیدا كێشراوە.

2- بەگوێرەی ئەو پێناسەیە، بابەتی مێژوو چیتر وەك ڕووداوەكانی ڕابردوو نامێنێت، بەڵكو ڕووداوەكانی ئێستاو ئایندەش دەگرێتە وە، ئەمەشە وایكردووە، كە ڕەوگەی نوێ لەبواری نووسینەوەی مێژوودا بێتەوە ئاراوە، وەك نووسینەوەی مێژووی ئێستا، یاخود نووسینەوەی مێژووی نیو سەدەی داهاتوو!

3- كاتێك مێژوو بەو گشت گیرییە خوێندنەوەی بۆ دەكرێت، چیتر كۆیلەبوون بۆ مێژوو، واتەژیان لەناو ڕابردوو دروست ناكات، بە ڵكو وادەكات مرۆڤ لە زەمەنی ئێستادا بژیت و ئایندەش ببینێت!

4- تەكنیكی نووسینەوەی مێژوو هەرچۆنێك بێت، چ وەك گێڕانەوە، یاخود هونەر، یاخود شیعری بێت، سروشتی مێژوو، هەردوو ڕەهەندی زانستی و مەعریفە بەخۆوە دەگرێت، واتە مێژوو هەم مەعریفەیەو هەم زانستیشە.

**بیبلۆگرافیا**

**بەزمانی عەرەبی**

**نامەی ئەكادیمی**


1– بلخن، جنات، نظرية السرد التاريخي عند بول ريكور، مذكرة مكملة لنيل درجة ماجستير في الفلسفة مقدمة الى قسم الفلسفة في جامعة منتوری ، قسطنطينية، 2010، غير منشور.

**كتێب:**

2– ابن خلدون(ولى الدين عبدالرحمن بن محمد732-808ه)، مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه، وخرج احاديثه، وعلق عليه: عبدالله محمد الدرويش، الطبعة الاولى، دار اليعرب، دمشق، سوريا، 2004.

3– ابو سعود، عطيات، فلسفة التاريخ عند فيكو، الناشر منشأ المعارف بالاسكندرية، 1997.

4– ارون، ريمون، فلسفة التاريخ النقدية-بحث في النظرية الالمانية للتاريخ، ترجمة:حافظ الجمالي، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، 1999.

5– برودويل، فرنان ، ديناميكية الرأسمالية، ترجمة: د.شفيق محسن، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازى، ليبيا ، بلاسنة الطبع.

6– بوسن لانجلو اوسينو، المدخل الى الدراسات التاريخية، نشر ضمن كتاب النقد التاريخى، ترجمة: عبدالرحمن البدوى، النشر وكالة المطبوعات، الطبعة الرابعة، الكويت، 1981.

7– التميمى، هادى، المدارس التاريخية الحديثة، الطبعة الاولى ، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، لبنان ، 2013.

8– پوپر، كارل، عقم المذهب التاريخي-دراسة في مناهج العلوم الاجتماعية، ترجمة:عبدالحميد صبرة، الناشر المعارف، الاسكندرية، مصر، 1959.

9– جوتشلك، لويس، كيف نفهم التاريخ-مدخل الى تطبيق المنهج التاريخى، ترجمة: د. عائدة سليمان عارف و د. احمد مصطفى ابو حاكمة، دار الكاتب العربي، 1966.

10– حسين، محسن محمد ، طبيعة المعرفة التاريخية وفلسفة التاريخ، مؤسسة موكرياني للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، اربيل، 2012.

11– دوس، فرانسوا، التاريخ المفتت، من الحوليات الى تاريخ الجديد، ترجمة:د.محمد طاهر المنصورى، المنظمة العربية للترجمة، مراجعة :د.جوزيف شريم، الطبعة الاولى، بيروت، 2009.

12– رأفت غنيمى، الشيخ، فلسفة التاريخ، دار الثقافة والنشر والتوزيع، القاهرة، 1987-1988.

13– راوس، أ.ل. ، التاريخ اثره و فائدته، ترجمة:مجدالدين حفنى ناصف، مراجعة:د.محمد احمد انيس، النشر:مؤسسة سجل العرب، القاهرة، مصر 1968

14– روزنتال، فرانز ، علم التاريخ عند المسلمين، ترجمة:صالح احمد العلي، مراجعة:توفيق حسين، بغداد، مكتبة المثنى، 1963.

15– روزنثال، فرانز، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم اهل التاريخ، محمد بن عبدالرحمن بن محمد السخاوى 831-902ه\1427-1497م، ترجمة: د.احمد صالح العلى، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1986.

16– ريكور، بول، الزمان والسرد، الزمن المروى، الجزءالثالث، ترجمة: سعيد الغانمى، راجعه عن الفرنسية:جورج زيناتي، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، 2006.

17– صبحى، احمد محمود، في فلسفة التاريخ، مؤسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية، 1975.

18– صليبا، جميل، المعجم الفلسفى بالالفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واللاتينية، الجزء الاول، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، لبنان، 1982.

19– **ڤين. پول** ، ازمة المعرفة التاريخية-فوكو و ثورة في المنهج، ترجمة وتقديم:ابراهيت فتحى، مؤسسة الاهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، 1998.

20– عبدالحميد، صائب، علم التاريخ و مناهج المؤرخين-في علم التاريخ نشأة وتدوينا ونقداو فلسفة ومناهج كبار مؤرخى الاسلام، الطبعة الثانية، مركز الغدير للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، 2008.

21– عثمان، حسن، منهج البحث التاريخى، دار المعارف، الطبعة الثامنة، القاهرة، لا م.س.ط.

22– غادامير، هانز جورج، الحقيقة والمنهج-الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ترجمة:د.حسن ناظم و على حاكم صالح، راجعه على الالمانية:د:جورج كتورة، الطبعة الاولى، دار اويا، طرابلس، الجماهيرية العظمى، 2007.

23– فرو، قيس ماضي ، المعرفة التاريخية في الغرب-مقاربات فلسفية وعلمية وادبية، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، قطر، 2013.

24– فوزى، حسين، التاريخ والسير، دارالقلم، القاهرة، 1964.

25– فوكو، ميشيل ، الكلمات والاشياء، ترجمة:مطاع صفدى و سالم يفوت واخرون، مركز الانماء القومى، بيروت، لبنان، 1989-1990.

26– الكوثراني، وجيه ، تاريخ التاريخ-اتجاهات-مدارس-مناهج، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، الطبعة الثانية ، بيروت، 2013.

27– كولنجوود، ر.ج. ، فكرة التاريخ، ترجمة:محمد بكير خليل و محمد عبدالواحد خلاف، الناشر:لجنة التاليف والترجمة والنشر، 1968.

28– لالاند، اندرية، موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الثانىH-Q، ترجمة:خليل احمد خليل، منشورات عويدات، بيروت- باريس، الطبعة الثانية، 2001.

29– لوبون، غوستاف ، فلسفة التاريخ، ترجمة:عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، 1954.

30– المطهرى، مرتضى ، المجتمع والتاريخ، الطبعة الاولى، دارالزهراء، العراق، النجف، 1427 ق.

31– مؤنس، حسين، التاريخ والمؤرخون-دراسة في علم التاريخ، ماهيته و موضوعاته و مذاهبه و مدارسه عند اهل الغرب واعلام كل مدرسة و بحث في فلسفة التاريخ، الناشر:الطبعة الثانية، دار الرشاد، مطبعة عربية لطباعة والنشر، القاهرة 2001.

32– نيتشة، فريدريك ، ارادة القوة- محاولة لقلب كل القيم، ترجمة و تقديم: محمد الناجى، افريقيا الشرق، دار البيضاء، المغرب، 2011.

33– هرنشو، ف.ج.س، ، علم التاريخ، ترجمه وعلق حواشيه واضاف اليه فصلا في التاريخ عند العرب:عبدالحميد العبادى، سلسلة المعارف العامة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، 1944.

34– هوراس، جوزيف، قيمة التاريخ، ترجمة:نسيم نصر، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت، لبنان ، 1974.

35– هيدغر، مارتن ، الكينونة والزمان، ترجمة وتقديم وتعليق:د.فتحى المسكينى، مراجعة:اسماعيل المصدق، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، 2012.

**توێژینه‌وه‌:**

36– الزين، محمد شوقي ، فلسفة التاريخ وتكوين البشرية عند يوهان هردر- من نظام المعرفة الى نظام الحقيقة، مؤمنون بلا حدود مؤسسة دراسات وابحاث: http://www.mominoun.com/articles

37– الساعى، احمد، نقد العقل التاريخي- سقراط والبحث عن الانسان : http://www.aljabriabed.net/n61_01sbaii.(2).htm

38– السعيدى، عبدالسلام ، جدلية التاريخ والحضارةhttp://www.aljabriabed.net/n34_09saidi.html :

39– كوسكا، ديظيد ، هيدغر ودورالمؤرخ، العدد 230 - الخميس 24 أبريل 2003م الموافق 21 صفر 1424هـ http://www.alwasatnews.com/news/205410.html:

40– هوسباون، اريك ، بيان من اجل تجديد التاريخ، موقع الحوار المتمدن، العدد: 1107 - 2005 / 2 / 12 - 11:38، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=31596

**به‌ زمانی ئینگلیزی:**

41- Carr. E. H., WHAT IS HISTORY? file:///C|/Documents and Settings/Vidula/Local Settings/Temp/Rar$EX00.750/carr.htm (16 of 97)7/20/2006 11:28:45 AM

42- Bevier. Mark, Objectivity in History Author(s): Source: History and Theory, Vol. 33, No. 3 (Oct., 1994), pp. 328-344 Published by: Blackwell Publishing for Wesleyan University Stable URL: http://www.jstor.org/stable/2505477 Accessed: 18/02/2010 09:44.

43- Sandler. Ronald B., What Is History and Why Is History Important,18 Feb 2013:www.rbs0.com/wh.pdf.http://trfa.org.uk/sixthform/wp-content/uploads/2014/07/HISTORY-What-is-history-E.H-Carr.pdf.

**دراسه فی مفهوم التاريخ و طبيعته**

**ملخص**

يدرس هذا البحث مفهوم التاريخ وطبيعته، وهو يتكون من ثلاثه فصول. يتألف الفصل الاول من مبحثين، يدرس المبحث الاول مصطلح التاريخ، والمبحث الثانى خصص لتعريف التاريخ. أما الفصل الثانى، يتعامل مع معنى و موضوع ، و كذلك فوائد و أهداف التاريخ. و يتألف من مبحثين، المبحث الاول خصص لمعنى و موضوع التاريخ، والقى الضوء فى المبحث الثانى على فوائد و أهداف التارخ. يتطرق الفصل الثالث ولاخير الى طبيعه التاريخ و تكوينه، و يتكون من ثلاثه مباحث، حلل فى المبحث الاول الطبيعه العلميه للتاريخ، و فى المبحث الثانى نوقش الطبيعه المعرفيه للتاريخ، المبحث الثالث والاخيرخصص لقراءه جديده لمفهوم وطبيعه التاريخ. وأختتم البحث بأهم النتائج التى توصل اليها الباحث، ثم ذيل بقائمه لأهم المصادر والمراجع المستخدمه فى البحث.

**A Study of the Concept and Nature of History**

**Abstract**

The significance of the study:

It may not be an exaggeration to say that History constitutes one of the widest aspects of humanity sciences, and that even the natural sciences have not been able to escape its hegemony. Except History, no science can claim to have no history of its own. Therefore, research in this area has its own significance because, apart from its positive aspects, its negative and dangerous aspects cab be utilized as a harmful device among different nations and powers, or within the same nation or power, i.e., between the ruling power and the people and social groups under that power. Hence, it is of vital importance to know what History is.

The aims:

Nations across the world conducted many researches, in different languages, in the area of history. But as for the Kurdish nation, one can hardly find any researches written in Kurdish concerning this wide area of knowledge. Therefore, the aim of the study is to familiarize the Kurdish reader with the term and nature of history. This, on the one hand, acquaints the Kurdish readers with the different aspects of this field, and on the other hand, helps them to better understand the science of history.

The Problem:

The study is an attempt to answer questions like: what does history mean? What is its nature? Is it regarded a science or knowledge? Is it closer to literature or art? Is it both a science and knowledge?

Hypothesis:

It is hypothesized that history has a dual nature; it can be both a science and knowledge. It is a science in the sense that it involves formulas of different or repeated patterns, and knowledge as it is the result of the individual’s accumulated experience.

Methodology:

The method adopted in writing this paper is based on a historic – analytic method.

The Structure:

The paper is divided into three main sections: section one is concerned with the term and definition of history. This section is subdivided into two parts; part one sheds light on the term ‘history’, and part two defines and analyses it as one of humanity sciences. Section two is similarly divided into two subsections: the first identifies the meaning and the subject of history, and the second illustrates the benefit and the purpose behind it. Section three, finally, dwells on the nature and structure of history. It involves three subsections: the first tackles the nature of history and its being a science, the second focuses on its being a field of knowledge, and the last exhibits our own viewpoint about history under the title ‘another perspective for the nature of history’. The paper ends with the conclusions the researcher has arrived at, and a list of the references cited.